بازرگانیو پیشەسازی

http://www.sulcci.com

رۆژنامەیەکی ئابورییە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بڵاویدەکاتەوە | ژمارە 20

2022-11-7

ریکلام



دۆلار دادەبەزێت دۆلار دانابەزێت

7 »

کارتی پری پەید لەسوودی هاوبەشانی کارەبادایە

5 »

هەڵەبجە پێشەنگە

12 »

وەرە بۆ دەڵەمە

16 »

ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئاوی قورسی سلێمانیدایە

9-8 »



وەزیری دارایی بەدواداچون بۆ کێشەی بازرگانان دەکات



وەزیری دارایی‌و ئابوری لەسلێمانی بەدواداچون بۆ گرفت‌و لەمپەرەکانی بازرگان‌و کاسبکارانی ناو بازاڕ دەکات.

ئاوات جەناب نوری، وەزیری دارایی‌و ئابوری حکومەتی هەرێم، لەئۆفیسی تایبەتی خۆی لەشاری سلێمانی لەگەڵ هەریەک لەبەڕێوەبەری گشتی بانکی هەرێم/ سلێمانی‌و سەرۆکی ژوری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی کۆبووەوە.

کۆبونەوەکەی بەڕێز وەزیری دارایی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی بانکی هەرێم/ سلێمانی‌و سەرۆکی ژوری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی بەئامادەبوونی ژمارەیەک بازرگان بەڕێوەچوو.

وەزیری دارایی‌و ئابوری هاوشێوەی کۆبونەوەکانی پێشوتر جەختی کردەوە لەچوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکان هەماهەنگ‌و هۆکار دەبن بۆ ڕەخساندنی پانتایی زیاتر بۆ کاری بازرگانی‌و نەهێشتنی ڕۆتین بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەو لەمپەرانەی بونەتە ئاستەنگ‌و بار بەسەرشانی هاوڵاتیان بەگشتی‌و بازرگانان‌و خاوەن پیشەکانی ناو بازاڕ.

باڵوێزی بەنگلادیش
سەردانی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی دەکات



سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی‌و یاسین ڕەحیم، جێگری سەرۆک، د.سەلام عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی ژورو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور پێشوازیان کرد لەمحەمەد فازڵ باری، باڵوێزی بەنگلادیش لەبەغدا.

محەمەد فازڵ باری، باڵوێزی بەنگلادیش لەبەغدا، ڕایگەیاند "لەبەرواری ١٨ / ١١ /٢٠٢٢ پێشانگایەکی گەورە لەبەنگلادیش دەکرێتەوە، ئەمڕۆ هاتوینەتە شاری سلێمانی تاکو بەفەرمی داوا لەژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی بکەین، بەشاندێکی بازرگانی گەورە لەو پێشەنگایەدا بەشداری بکات".

ڕاشیگەیاند "وڵاتی بەنگلادیش بەناوبانگە بەچەندین جۆر میوەی دەگمەن‌و نایاب، داواکارین شاندێکی کشتوکاڵی‌و پیشەسازی بنێرە پێشەنگا تاکو بتوانین پەیوەندییە بازرگانی‌و ئابورییەکان دروست بکەین".

لای خۆشیەوە سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلیمانی رایگەیاند "بەخۆشحاڵیەوە هەوڵ دەدەین، پەیوەندییەکی ئابوری بەهێز لەگەڵ وڵاتی بەنگلادیش دروست بکەین، لەئێستادا هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەوە دەکات لەکەرتی کشتوکاڵیدا بگاتە خۆبژێوی لەزۆر بەرهەمەکاندا، بۆیە هەوڵی تەواو دەدەین شاندیکی بازرگانی دروست بکەین تاکو بتوانین بەشداری لەو پێشەنگایەدا بکەین".

ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت
خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشێتە ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی

لەبەرامبەر کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ هەژاران‌و کەمدەرامەتان، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشێتە ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی.

بەختیار محەمەد، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی CDO لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوەکە سەردانی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانییان کردو ڕاپۆرتی کۆتایی دابەشکردنی دوو هەزار سەبەتەی خۆراکیان پێشکەشی سەرۆکی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی سلێمانی‌و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور کرد کە لەماوەی ڕابردودا توانیویانە هاوکاری لێقەوماوان بکەن‌و لەکاتە پێداویستیەکاندا بەدەم هەژارانەوە بوون.

لای خۆشیەوە سیروان محەمەد، سوپاسی ڕێکخراوەکەی کردو ڕایگەیاند "ژووری بازرگانی لەهەموو کاتەکانی ڕوداوو پێشهاتەکان بەهاوکاری بازرگانانی دڵسۆزی ناوخۆ توانیویانە کۆمەکو هاوکاری ئامادە بکەن‌و بیگەیەنن بەدەست لێقەوماوان".

ڕاشیگەیاند "سوپاسی تەواوی بازرگانان دەکەین کە بەردەوام بەدەم داواکاریەکانمانەوە دێن‌و هاوکاریەکانیان دەگەیەنن پێمان، ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە شاری سلێمانی‌و بازرگانەکانی هەموو کات لەخەمی بەدەمەوە چونی لێقەوماوان‌و هاوکاری کەمدەرامەت‌و هەژاران دەکەن لەکاتە پێویستەکاندا".

سەرۆکی ژوور داواشی لەڕێکخراوی CDO کرد کە بەدڵسۆزی‌و بەهەستی بەرپرسیارانە ئەو کۆمەکو هاوکاریانەی بازرگانان بگەیەنێت بەخەڵکی هەژارو لێقەوماو.

بەڕێوەبەری کوالێتی کۆنترۆڵی پیشەسازی:

پشکنینی کوالێتی بەرهەمی ناوخۆ توندە
بەڵام پشکنینی بەرهەمی دەرەکی ئاسانکاریی بۆ دەکرێت

ئا: ڕێژەن سەردار

پێشەوا مەحمود، بەڕێوەبەری کوالێتی کۆنترۆڵی پیشەسازی لەم گفتوگۆیەی "بازرگانی‌و پیشەسازی" دەڵێت "بەڕێنمایی عێراقی پشکنین بۆ بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ دەکەین کە زۆر توندە، ئەگەر بەم یاسایە پشکنین بۆ کاڵای دەرەکی بکرێت نابێت هیچ کاڵایەک هاوردە بکرێت".

بازرگانی‌و پیشەسازی: ئەو پشکنینانەی ئێوە دەیکەن بۆ بەرهەمی کارگەکان چین‌و چەند جۆرن؟

پێشەوا مەحمود: پشکنینەکان بەگوێرەی بەرهەمی کارگەکان دەگۆڕێت، هەر بەرهەمێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نمونە مادە خۆراکییەکان پشکنینی فیزیایی‌و کیمیایی‌و مایکرۆبایلۆجی بۆ دەکرێت، مادە پلاستیکیەکان پشکنینی فیزیایی‌و کیمیایی بۆ دەکرێت، کەلوپەلی بیناسازی تەنها پشکنینی فیزیایی بۆ دەکرێت، هەموو بەرهەمێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێمە بە دوو ڕێنمایی کاردەکەین، ڕێنمایی عێراقی‌و ڕێنمایی نێودەوڵەتی، ئەگەر لەڕێنماییە عێراقییەکان باس لەبەرهەمێک نەکرابوو، بەگوێرەی ڕێنمای نێودەوڵەتی پشکنینی بۆ دەکەین.

کارگەیەکی بەرهەن=مهێنانی شیش لەسلێمانی

> ياساو ڕێنمايی عێراقی زۆر تۆکمەو ڕێکوپێکە، ئێمە بەم ياسايە پشکنين بۆ بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ دەکەين، ئەگەر بەم ياسايە پشکنين بۆ کاڵای دەرەکی بکرێت، نابێت هيچ کاڵايەک هاوردە بکرێت

بازرگانی‌و پیشەسازی: بەپێی ئەو پشکنینانەی ئێوەی دەیکەن، تەتوانین بڵێین بە گشتی بەرهەمی ناوخۆیی کوالێتییان بەرزە؟

پێشەوا مەحمود: وەکو مادە خۆراکییەکان ئێمە مانگی جارێک سەردانی کارگەکان دەکەین بەبێ ئەوەی خاوەن کارگەکە ئاگادار بێت لەناکاو سەردان دەکەین‌و سەیری مادە خاوەکان‌و شێوازی کارکردنی کارگەکە دەکرێت‌و نمونە لەبەرهەمەکەی وەردەگیرێت بۆ پشکنین، ئەگەر لەگەڵ یاساو ڕێنماییەکان گونجاو نەبوو غەرامە دەکرێت بەبڕی ٢٥٠ هەزار دینار تاکو ملیۆنێک دینار، سەبارەت بەپرسیارەکە ناتوانین بڵێین کوالێتی بەرزە یاخود نا، لەشاری سلێمانی کارگەی جپسی لیز هەیە بەرهەمەکەی هاوشێوەی کوالێتی بەرهەمی جپسی ئەڵمانیاو سعودییە، ناتوانین بڵێین ئەم جپسەی لێرە هەیە لەوەی ئەڵمانیاو سعودییە کوالێتی نزمترە یان بەرزترە چونکە بەیەک شێواز کاردەکەن. سەبارەت بەکارگە بچوکەکانیش، بەڵێ بەرهەمەکانیان پاکو کوالێتی بەرزە، بەڵام هەندێکجار هەیە بەرهەمەکەی لەپشکنین دەرناچێت، ئێمە ڕێنماییان دەکەین دووبارە دەست دەکەنەوە بەکارکردن بەشێوازێکی باشتر. دەتوانم دڵنیایی بدەم بەهاوڵاتیان لەسەدا ٩٥ی بەرهەمی کارگە ناوخۆییەکان پاکو بێ کێشەیە، من خۆم لەمارکێتەکان تاکو بەرهەمی ناخۆیی هەبێت بەرهەمی دەرەکی ناکڕم. بۆ کەلوپەلی بیناسازی ئێمە بەکوالێتییەکی زۆر بەرزتر لەئێرانی‌و تورکیەکان شیش بەرهەم دەهێنین لەکارگەی ماس، کۆنکرێتیش زۆر باش‌و کوالێتی بەرزەو بەپێی ستانداری جیهانی کاردەکەن، جاران لەگەڵ کارگەی بلۆکەکانی گەرمیان کێشەمان هەبوو، ڕێنمایمان پێدان لەئێستادا ئەوانیش بەگوێرەی ستانداری عێراقی کار دەکەن‌و بەرهەمەکانیان باش بووە. بەرهەمی پلاستیک زۆر ئاڵۆزەو بەشێکی زۆری پشکنینەکانی لێرە ناکرێت، کارگەکانی پاککەرەوە، مادە خاوەکانیان لەدەرەوە هاوردە دەکەن،هەندێکیان چەند بەرهەمێکی هەیە، بەشێک لەو بەرهەمانە کوالێتی زۆر بەرزە، بەشێکی تری بەرهەمی هەمان کارگە کوالێتی نزمە، دەکەوێتە سەر خواستی کڕیار، ئەگەر کوالێتی بەرزت بوێت ئەبێت پارەی زیاتر بدەیت، شتی کوالێتی نزمیش هەرزانە، ئەمە سروشتیەو لەهەموو جیهاندا هەیە.

بازرگانی‌و پیشەسازی: کارگەکانی پاککەرەوە گلەیی ئەوە دەکەن پشکنینی بەرهەمی ناوخۆیی زۆر توندەو بەڕێنمایی عێراقی کار دەکرێت، بەڵام پشکنین بۆ بەرهەمی دەرەکی بەڕێنمایی عێراقی ناکرێ‌و ئاسانکاریی زۆر بۆ دەکرێت، هۆکاری ئەمە چیە؟

پێشەوا مەحمود: ئەم بابەتە زۆر ڕاستە، یاسایەک هەیە بەناوی (النظام القومي للسيطرة النوعية) ئەمە هی حکومەتی عێراقییەو زۆر تۆکمەو ڕێکوپێکە، ئێمە بەم یاسایە پشکنین بۆ بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ دەکەین، ئەگەر بەم یاسایە پشکنین بۆ کاڵای دەرەکی بکرێت، نابێت هیچ کاڵایەک هاوردە بکرێت، لای ئێمە خاوەن کارگە سەرپشک دەکرێت لەوەی ڕێنمایی عێراقی بە کاردەهێنن یان ڕێنمایی کارگە، ڕێنمای کارگە بریتیە لەو ڕێنماییەی کە کارگە خۆی کاری لەسەر دەکات، ڕێنمایی عێراقی لەئاستێکی زۆر بەرزدایە، زۆر بەی کارگەکان بەمواسەفاتی عێراقی کار دەکەن لەبەرئەوەی مواسەفاتی تایبەت بەخۆیان نیە، ئەم ڕێکارانە توندترە ئەگەر بەرهەمی دەرەکی پێ بپشکنرێت دەرناچێت، لەدەروازە سنورییەکان بە گوێرەی مواسەفاتی کارگەکە پشکنین دەکرێت. من خۆم سالێکە کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەم، ئەگەر خاوەن کارگەکان بتوانن مواسەفاتی تایبەت بەخۆیان هەبێت وەک بەرهەمی دەرەکی بەو مواسەفاتانە پشکنینیان بۆ دەکرێت. کڕیاران ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەم بابەتەدا زاهییەکی "ڤێری" بە ٤ هەزار دینارەو بەرهەمی دەرەکییە، لەتەینشتی زاهییەکی کارگەی کاشۆش کە لەسلێمانی کار دەکات بە ٤ هەزار دینارە، کوالێتیان وەکو یەک وایە، ئەگەر خەڵک هۆشیار بێت کاشۆکە دەکڕێت کە بەرهەمی ناوخۆیە. لای ئێمە تەنها دوو کارگە بەمواسەفاتی خۆیان کاردەکەن ئەوانەی تر بەمواسەفاتی عێراقییە، باشترین زاهیی قاپ شۆرینی ئەڵمانی کوالتی بەرزترینیان کە لەبازاڕدا هەیە ئەکتیڤی ١٠یە، بەڵام مواسەفاتی عێرقی داوای ئەکتیڤی ١٨ دەکات، بەمەرجێک ئەو مارکە ئەڵمانییە لەهەموو جیهاندا بەکاردێت.

بازرگانی‌و پیشەسازی: چارەسەر ئەو دۆخە چیە؟ ئایا توندکردنی پشکنین بۆ بەرهەمی ناوخۆو ئاسانکاری کردن بۆ بەرهەمی دەرەکی نابێتە هۆی ئەوەی بەرهەمی ناوخۆیی لەڕووی نرخەوە کێبرکێ بۆ نەکرێت؟

پێشەوا مەحمود: دەکەوێتە سەر زیرەکی خاوەن کارگەکان، ئەگەر بێتو بڕیار بدات لەڕێگەی کەسانی شارەزاو پسپۆڕەوە مواسەفاتی تایبەت بەکارگەکەی دروست بکات، دەتوانێت بڵێت من لەئێستادا ناتوانم بەمواسەفاتی عێراقی کار بکەم، هاوشێوەی بەرهەمی دەرەکی بەمواسەفاتی کارگەکە کار بکات نرخی بەرهەمەکانیشی هەرزانتر دەکەوێت لەبەرهەمی هاوردە.

بازرگانی‌و پیشەسازی: کەواتە هۆکار چیە پشکنینی بەرهەمی ناوخۆ زۆر توندەو بەرهەمی دەرەکی ئاسانکاری بۆ دەکرێت؟

پێشەوا مەحمود: لەسەرجەم دەروازە سنورییەکانی جیهان سێ پێوەر پەیڕەو دەکرێت بۆ هاوردە کردنی کاڵا، مەرجی یەکەم ئەوەیە سەلامەت بێ بۆ ژیانی مرۆڤ، مەرجی دووەم ئەوەیە سەلامەت بێت بۆ ژینگە، مەرجی سێهەم ئەوەیە سەلامەت بێت بۆ ئاژەڵ. هەر بەرهەمێک ئەم سێ مەرجەی تێدا بێت دەتوانرێت هاوردە بکرێت، پێوستە ئاسانکاری بۆ بەرهەمی ناوخۆیی بکرێت ئەگەر ئەم سێ مەرجەیان تێدا بێت، هەموو وڵاتێک ڕێگە دەدات ئەو بەرهەمانە هاوردە بکرێت، بۆ زانینی ئەو سێ مەرجەش پشکنین دیاری دەکات، لای خۆمان لەهەرێمی کوردستان گوشارێکی زۆر زۆر لەسەر تاقیگەکانی دەروازە نێودەوڵەتیەکان هەیە، چونکە بەرهەمێکی زۆر هاوردە دەکرێت، ئەگەر پشکنین توند بکرێتەوە گرفتی زۆر بۆ بازرگانان دروست دەبێت‌و دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخ.

چوارهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب دەکرێتەوە

"پێشبینی دەکەین بەسەدان هەزار هاوڵاتی بەشداری بکەن"

پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لەسلێمانی

ئا: ڕێژەن سەردار

کۆمپانیای ئەتڵەس ئەسیل بەهاوکاریی ژووری بازرگانییو پیشەسازیی سلێمانی، چوارهەمین پێشانگای کتێب لەساڵڕۆژی دامەزراندنی شاری سلێمانی لەپێشانگای نێودەوڵەتیی سلێمانی دەکاتەوە، بەڕێوەبەری کارگێڕیو پەیوەندییەکان لەکۆمپانیای ئەتڵەس ئەسیل دەڵێت "پێشبینی دەکەین ٢٥٠ ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی ناوخۆو دەرەوەی کوردستان بەشداری پێسانگاکە بکەن".

د.شەوقی عومەر، بەڕێوەبەری کارگێڕیو پەیوەندییەکان لەکۆمپانیای ئەتڵەس ئەسیل بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند لەئێستادا لەسەدا ٩٠ی ئامادەکارییەکان بۆ کردنەوەی چوارهەمین پێشەنگای تایبەت بەکتێب لەشاری سلێمانی تەواو بووە، هۆڵەکان پڕکراونەتەوەو بڕیارە سەرجەم میوانەکان ئامادەبن لەکاتی خۆیدا، ئەو وتی "کارە تەکنیکیو ئیداریو میدیاییەکان تەواو بوون، ڕیکلام کردن دەستیپێکردوە، لەڕێگەی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیەوە داوەتنامە نێردراوە بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانو بەرپرسانی حیزبیو حکومییەکانو ١٧ / ١١ پێشانگەکە دەکریتەوە".

وتیشی "تاکو ئێستا ٢٠٠ ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوە بەشدارن، پێشبینی دەکەین بگاتە ٢٥٠ ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوە لەرۆژانی ئایندەدا، لەسەدا ٥٥ی ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوە کە لەپێشەنگادا بەشدارن ناوخۆین، لەسەدا ٤٥یش ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوەی دەرەوەی عێراقو هەرێمی کوردستانن".

سەبارەت بەوەش کە ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو داشکاندنو ئۆفەر پێشەکەشی خوێنەران دەکەنم د.شەوقی وتی "ساڵانە ئێمە کردومانە بەکلتور ئەو کتێبخانەو ناوەندانەی چاپو بڵاوکردنەوە کە لەناوخۆی هەرێمو عێراقو وڵاتانی دەرەوە بەشدار دەبن، هەموویان داشکاندنیان دەبێت، بەڕێژەیەکی زۆر باش، لەبنەڕەتدا بیرۆکەی سەرەکی کردنەوەی ئەم پێشانگایە بۆ بەکلتورکردنی خوێندنەوەو داشکاندنە".

دەربارەی ئەو سیمینارو کۆڕبەندانەی ئەمساڵ ساز دەکرێن، د.شەوقی وتی "سیمنارو کۆڕەکان هەندێکیان تایبەتن بەهۆشیاری گشتیو ژینگەییو ئاژەڵدۆستیو گرنگی کتێبو هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگاو کۆڕی شیعریو ناساندنی کتێبو چەندین بابەتی دیکەی رۆشنبیری".

وتیشی "کردنەوەی پێشەنگای نێودەوڵەتی تایبەت بەکتێب پێداویستیەک بوو کە چەندین ساڵ بیری لێکراوەتەوە، ئەمساڵیش چوارهەمین ساڵە کە پێشەنگا دەکرێتەوە، وەک ئاشکرایە شاری سلێمانی پایەختی ڕۆشنبیریە، کە چەند ساڵێکی کەمە ئەم نازناوەی پێبەخشراوە، بەڵام ساڵانێکی زۆرە سلێمانی بەکردار پایەختی رۆشنبیریو بزاڤی سیاسیو فەرهەنگیو کلتوریو سیاسیو هونەریو رۆشنبیری بووە، بۆیە ئەم پێشەنگایە گرنگو پێداویستییەکی هەنوکەییە بۆ سەرجەم زانکۆ حکومیو ئەهلییەکانو نوسەرو رۆشنبیرانی شار".

د.شەوقی ئاماژە بەوە دەکات هاوڵاتیان دەتوانن لەپاڵ سەردان کردنی پێشەنگای کتێب بازاڕیش بکەن لەپێشانگاکەدا، ئەو وتی "هاوکات لەگەڵ پێشەنگای کێتب لەبەشی VIP، پێشەنگای نێودەوڵەتی سلێمانی ڤیستیڤاڵی پایز بۆ بازاڕکردن دەکرێتەوە، کە پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان بەردەست دەبێت، لەخۆراکو ئامێری کارەباییو پێداویستی ناوماڵ".

وتیشی "پێشبینی دەکەین ژمارەیەکی بەرچاو لەهاوڵاتیان سەردانی پێشانگاکە بکەن، ئێمە هیواداریین ئەمساڵ لەهەموو ساڵانی رابردوو زیاتر هاوڵاتیان بەشدار بن، پێشبینی دەکەین ژمارەی سەردانیکەران بەسەدان هەزار هاوڵاتی بێت، لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانو ناوەڕاستو باشوری عێراق بەشدار بن لەپێشەنگاکە، بۆ هاوڵاتیانی شاری سلێمانیش ئەمساڵیش هێڵی پاسەکانی تاسلوجە تەرخان کراوە بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان، لەهەر شوێنێکی شەقامی سالم هاوڵاتی سواری پاس بێت دەهێنرێتە بەردەم پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی، لەناو پێشانگاکەشەوە هاوڵاتیان دەتوانن سواری پاس بنو بگەڕێننەوە ناو شار بە بێ ئەوەی پێوستیان بەتەکسیو هێنانی ئۆتۆمبێل بێت".

> پێشبینی دەکەین ٢٥٠ ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی ناوخۆو دەرەوەی کوردستان بەشداری پێسانگاکە بکەن

کارەبای سلێمانی: کارتی پری پەید لەسوودی هاوبەشانی کارەبادایە

"هاوڵاتی خۆی بەرنامەی بەکارهێنانی کارەبای خۆی دیاریدەکاتو کارەبا بەهەدەر نادات"

ئا: زریان محەمەد

بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی دەستیکردووە بەدانانی پێوەری کارتی پری پەیدو کۆکردنەوەی تەواوی ئەو قەرزانەی لەلای هاوبەشانی پرۆژەی بازرگانیو پرۆژە پیشەسازیەکانە، کە دەبێت هەر بڕە پارەیەک قەرزدار بن سەرجەمی پاکتاو بکەن، گەر قەرزەکان پاکتاو نەکرێت ئەوا کارەبایان دەبڕدرێت.

سیروان محەمەد، وتەبێژی بەڕێوە بەرایەتی کارەبای سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" ڕایگەیاند "لەئێستادا ڕەوشی کارەبا لەسنوری پارێزگای سلێمانی لەسەرەتای وەرزی پایزدا کە خواستی لەسەر کەمە، ڕۆژانە ٢٠ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی دەدرێت بەهاوڵاتیان".

دەربارەی وەرگرتنەوەی قەرزی پرۆژەی بازرگانیو پیشەسازی، وتەبێژی کارەبای سلێمانی وتی "بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی بەرپرسە لەدابینکردنی کارەبا بۆ شوێنە بازرگانیەکانو پیشەسازیەکانو هاوڵاتیانو بەرپرسین لەکۆکردنەوەی داهات، چونکە بەشێک لەو داهاتەی کە کۆیدەکەینەوە بەکاری دەهێنینەوە بۆ پرۆژەکانی خۆمان کە لەسەدا هەشتە، ئەگەر ئەو داهاتە کۆنەکەینەوە ئەوا ناتوانین هیچ پرۆژەیەک جێ بەجێ بکەین، هەربۆیە هاوبەشەکانی کارەبای بازرگانیو پیشەسازی کە لەسەرو پێنج ملێۆن دینار قەرزدار بن ئاگادار کراونەتەوە کە بچن پارەکانیان پاکتاو بکەن، بەپێچەوانەوە ئەگەر نەچن بۆ پاکتاو کردن کارەباکەیان دەبڕدرێت، ئەگەر پێش ئەوەی کارەباکەیان ببڕدرێت سەردانمان بکەن ئەو پارەیەی لایانە بۆیان دەکەین بەسێ قیست بۆ ئەوەی توشی بێ کارەبایی نەبن".

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٨، بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی کارەبای سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوەو تێیدا ئاماژە بەوە دراوە: "ئاگاداری هاوبەشانی کارەبای شوێنە بازرگانیو پیشەسازییەکان دەکەین، کە قەرزاری پارەی کارەبان بەبڕی پێنج ملێۆن دینار زیاتر، لەماوەی ١٠ ڕۆژدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەبا بکەن، بەمەبەستی پاکتاوکردنی قەرزی کارەباکانیان."

ئەوەش خراوەتە ڕوو "هەر کەس قەرزەکە نەداتەوە، بەپێچەوانەوە لەدوای ئەو ماوەیە کارەباکانیان دەبڕدرێت."

دەربارەی پێدانی کارەبا بەکارتی پریپەید بەهاوڵاتیانو شوێنە گشتیەکان، وتەبێژی کارەبای سلێمانی وتی "دوای ئەوەی پرۆژەی پێوەری زیرەک گەشتە قۆناغەکانی کۆتایی، ئێستا حکومەتی هەرێم یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە لەناو پێوەرەکەدا هەیە دەتواندرێت بەشداربوی کارەبا بیکات بەپری پەید، واتا کردنی بەکارت، کارەباکە سەرەتا دەکرێت دواتر بەکاری دەهێنیت، ئەمەش سودی خۆی هەیە، ئەوانەی دەیکەن بە پری پەید کارەبایان دەبێت بە بەردەوام، ئەوکات هاوڵاتی خۆی بەرنامەی بەکارهێنانی کارەبای خۆی دیاریدەکاتو کارەبا بەهەدەر نادات، کارتەکە بەردەوام دەتوانێت بزانێت چەندی بەکارهێناوەو چەندی تیا ماوە".

وتەبێژی کارەبای سلێمانی ئاماژەی بەوەشدا لەشاری سلێمانی لەئێستادا ئەو پرۆژەیە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە لەعەلوەی سلێمانی بەڕادەکانیان بوە بەپری پەیدو پرۆژەی قەیوان سیتیو پاشا سیتیو بەرزاییەکانی قەیوانو چەند پرۆژەیەکی دیکەش کاری تێدا دەکرێت، ئەو وتی "لەناو بازاڕدا زۆنێکمان جیاکردۆتەوە سەرقاڵی ئەوەین لەوێش بکرێت بەکارت کە ٢٤ کاتژمێر کارەبای نیشتمانیان پێدەدرێتو مۆلیدەیان نامێنێت، ئەمەش کاری وەزارەتی بازرگانییە کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین تا هاوڵاتی یەک کارەبی بەردەوامی هەبێت، کە ئەمەش سوودی بۆ هاوڵاتیان هەیە، چونکە کارەبای بەردەوام دەبێتو تەنها بەو کارتەی هاوڵاتی هەیەتی خۆی کارەبا بۆخۆی دابین دەکات".

لەبارەی بڕینی کارەبای ماڵان گەر قەرزدار بێت، وتەبێژی کارەبای سلێمانی وتی" کارەبای ماڵان لەئێستادا نابڕدرێت لەشاری سلێمانی، بەڵام پسولەی کارەبا کە دەچێت بۆ ماڵان قەرزەکەی ڕاگیراوە تەنها سەرفیاتی ئەو مانگانە دەدات کە بۆی هاتۆتەوەو ڕاستەوخۆ هاوڵاتیان دەتوانن ئەو پارەیە بدەن بەو کەسەی وەرەقەی کارەباکەیان بۆ دەبات".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کارەبا، ملیۆنێکو ٨٠٠ هەزار بەشداربووی کارەبا لەهەرێمی کوردستان هەیە، بڕی تریلیۆنێکو ٢٦١ ملیار دینار قەرزی کارەبایان لەسەرە، ئەو بڕە قەرزە هەمووی لەسەر هاوڵاتیان نییە، بەشێکی لەسەر شوێنە بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵیو فەرمانگەکانە.

لەبارەی پرۆژەی ڕوناک کردنەوەی شەقامی سالم، سیروان محەمد وتەبێژی کارەبای سلێمانی وتی "لەچوارچێوەی ڕێکخستنەوەی شەقامی سالمو جوانکردنی، کە یەکێکە لەشەقامە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی، بەسێ قۆناغ بەبڕی زیاتر لە٥٣٧ ملیۆن دینار تۆڕی ڕووناکیەکەی نۆژەن دەکرێتەوە، پرۆژەکە بەسێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێتو لەئێستادا دوو قۆناغی دەستیپێکردووە، کە لەپردی ڕەئوف بەگەوە دەستپێدەکات، تاوەکو چوارڕیانی سەرچنار، تیایدا ستوونە کۆنەکان لادەبرێنو ستوونی نوێی بۆ دادەنرێتو گڵۆپەکانیشی لەسۆدیۆمەوە دەگۆڕێت بۆ جۆری لید، کە کارەبای کەمتر سەرف دەکاتو بەسیستمی تایم زۆن ئیش دەکا، کۆی بودجەی سەرجەم قۆناغەکانی پڕۆژەکە بریتیە لە٥٣٧ ملیۆن دینارو بەتەواوبوونی پڕۆژەکەش دیمەنێکی جوان بەشەقامەکە دەبەخشێت".

ژ	سەرفکردنی لە ماوەی مانگێکدا بە (KW/hrs)	سەرفکردنی لە ماوەی ڕۆژێکدا بە (KW/hrs)	کۆی سەرفکردن لە مانگێکدا	کۆی سەرفکردن لە ڕۆژێکدا	نرخی کارەبا بە دینار	نرخەکەی بۆ مانگێک
1	450 - 1	15 - 1	450	15	18	8,100
2	900 - 451	30 - 16	450	15	24	10,800
3	1500 - 901	50 - 31	600	20	42	25,200
4	2100 - 1501	70 - 51	600	20	72	43,200
5	3000 - 2101	100 - 71	900	30	90	81,000
6	5000 - 3001	157.67 - 100	2000	57.67	180	360,000
7	5001و زیاتر		0000	0000	240	

خشتەی نرخی کارەبای ماڵان لەهەرێمی کوردستان

> دوای ئەوەی پرۆژەی پێوەری زیرەک گەشتە قۆناغەکانی کۆتایی، ئێستا حکومەتی هەرێم یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە لەناو پێوەرەکەدا هەیە دەتواندرێت بەشداربوی کارەبا بیکات بەپری پەید، واتا کردنی بەکارت

کارگەیەک گەزۆو لوقم بەرهەم دەهێنێتو هەناردەی دەرەوەی هەرێمی دەکات

زیاتر لە ٥٠ جۆر لوقم دروست دەکەین

ئا: زریان محەمەد

گەزۆو لوقم بەکوالێتی بەرز لەلایەن کارگەیەکەوە لەشاری سلێمانی بەرهەم دەهێنرێتو هەناردەی دەرەوەی وڵاتی دەکاتو لەناوخۆو شارەکانی خواروی عێراق خواستی زۆری لەسەرە.

> کارگەکەمان دەتوانێت لەرۆژێکدا سێ تۆن گەزۆو شیرینی دروستبکات

رێبوار رەفیق، خاوەنی کارگەی شیرینی ژیر لەشاری سلێمانی دەربارەی کارگەکەیو بەرهەمەکانی بۆ "رۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی" وتی "کارگەی شیرینی ژیر تایبەتە بە بەرهەم هێنانی گەزۆو هەمو جۆرێکی لوقمو سجوقو کونجیو لەبزینە، کە لەچەند بەشێکدا خۆی دەبینێتەوە، بەشێکمان تایبەتە بەلەبزینەو گەزۆو کونجی، بەشێکیان تایبەتە بەلوقم دروستکردن، بەشێکی تر تایبەت بەدروستکردنی سجوق، بەشێکیشمان تایبەتە بەپێچانەوەو فرۆشتن".

وتیشی "لەکارگەکەماندا زیاتر لە ٥٠ جۆر لوقم دروست دەکەینو هەموو جۆرە گەزۆیەک دروست دەکەین بەفستقو گوێزو سجوق پێنج جۆر دروست دەکەین، گەزۆکەمان بێ شەکرەو چەند جۆرێکی لوقمان هەیە بێ شەکرەو چەند جۆرێکمان هەیە لەمیوەی وشک دروست دەکرێتو سجوقەکەمان بێ شەکرە، چونکە ئەو جۆرانەی بێ شەکرن خواستو داواکاری زۆری لەسەرە، نەک هەر لەناوخۆدا بەڵکو لەهەموو جیهاندا زۆرتر بەکاردێتو داواکاری لەسەرە".

لەبارەی بەرهەمهێنانی کارگەکەیان وتی "کارگەکەمان زۆرتر لەسەر داواکاری کاردەکات، ئەو کەسانەی پێویستیان بەجۆرێک لەشیرینی دەبێت داوامان لێدەکەنو بەپێی داواکاریەکانیان بۆیان بەرهەم دەهێنین، لەو جۆرانەی پێویستیانە، بەڵام کارگەکەمان دەتوانێت لەرۆژێکدا سێ تۆن گەزۆو شیرینی دروستبکاتو توانامان هەیە بەرهەمهێنان زیاتر بکەین کە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ پڕکردنەوەی بازاڕ".

ئاماژەی بەوەش دا "فرۆشتنی بەرهەمەکانمان لەناوخۆدا لەتەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستانو شارو شارۆچکەکان بڵاوکردۆتەوەو لەشارەکانی خواروی عێراق بریکاری تایبەت بەخۆمانمان هەیەو لەتەواوی شارەکاندا دابەش دەکرێتو بەشێوەی تەندروست هەڵدەگیرێتو ڕەوانە دەکرێت بۆ هەموو شارەکانی عێراق".

ئەوەشی ڕاگەیاند "کارگەی ژیر بریکاری تایبەتی هەیە لەئیمارات کە دابەشکردنو بڵاوکردنەوەی لەو وڵاتەدا فراوانە، بەرهەمی شیرینیەکانمان دەڕوات بۆ هەموو وڵاتە ئەوروپیەکان، خاوەن مارکێتە کوردەکان کە لەئەورووپاوە دێنەوە بۆ سلێمانی لەم بەرهەمانەی ئێمە دەبەنەوەو لەوێ دەیفرۆشن، بەڵام تا ئێستا نەمانتوانیوە وەکالەت لەو وڵاتانە بدەین".

دەربارەی بەبازاڕکردنو کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی دەرەکی، رێبوار وتی "بەرهەمەکانی ئێمە لەڕووی کوالێتیو جۆری شیرینیەکەی توانیویەتی کێبڕکێیەکی زۆر باش بکات چونکە لەڕووی شرینیەوە تەواو سروشتیە، کەمترین بڕی شەکری تێدا بەکاردێتو دروستکردنەکەی تازەیەو بەتازەیی دەخرێتە بازارەو هیچ مادەیەکی پاریزگاریکردنی تێناکرێتو کارگەکەمان لەکۆتیهاتنی وەرگرتنی بڕوانامەی ئایزۆدایەو هەموو کەسێک ڕاستەوخۆ دەتوانێت سەردانی کارگەکەمان بکاتو بەرهەمەکانمانی دەستکەوێتو تاقیبکاتەوەو لەشێوازی دروستکردنەکە دڵنیا بێت کە بەکوالێتی بەرزو بەسەلامەتی خۆراکی دروستی دەکەین، کەسی تایبەتمان هەیە بەپشکنینی شیرینیەکانو تاقیگەی خۆمانمان هەیە بۆ پشکنینی بەرهەمەکانمان".

لەبارەی کێشەو گرفتەکانیانەوە، ئەو وتی "لەئێستادا ئێمە کارگەکەمان لەسەر زەویەک دروستکردووە لەسەر ڕێگای ئەشکەوتی هەزارمێردە، نزیک گوندی عەواڵ کە تا ئێستا ئێمە کارەبای نیشتیمانیمان پێنەدراوە بەهۆی ئەو کێشانەی لەزەویەکاندا هەیە، هەر بەمۆلیدە کاردەکەین، کە ئەمەش خەرجیەکی زۆری خستۆتە سەرشانمانو دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخ لەسەر بەرهەمەکانمان، بۆیە هیوادارین حکومەت بەخەمخۆرانە ئاوڕ لەو کێشانە بداتەوە کە هەمانە، تا بتوانین بەرهەمی زیاترو کاری زیاترمان هەبێت".

خاوەنی کارگەی شیرینی ژیر جەختیکردەوە لەکارگەکەیاندا توانیویانە دەرفەتی کارکردن بۆ زیاتر لە ٦٥ کەس برەخسێننو جۆری کوالێتی بەرهەمەکەیان بەراورد بە بەرهەمی هاوردەکراوە زۆر بەرزەو لەهەموو رویەکەوە گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

بەهۆی کەمی بارانەوە برنجی بانی خێڵان کەمی کردووە

ئا: زریان محەمەد

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دەربەندیخان ڕایدەگەیەنێت "بەهۆی کەمی ئاوو باران لەمساڵدا بەرهەمهێنانی برج لەبانی خێڵان کەمی کردووەو نزیکەی ٧٠ تەن دەبێت".

ئەمجەد ئەسعەد ساڵح، ئەندازیارو بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دەربەندیخان لەلێدوانێکدا دەربارەی بەرهەمهێنانی برنج لەناوچەکەیان بەتایبەت بانی خێڵان بە"بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "ئەمساڵ بەراورد بەساڵانی ڕابردوو ڕێژەی بەرهەمهێنانی برنج کەمتر بوو، هۆکاریش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئاو، تەنانەت کەمی ئاو جگە لەکاریگەری لەسەر چەندایەتی برنج لەهەمانکاتیشدا کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنایەتی برنجیش".

دەربارەی کەمی ئاو لەمساڵدا چەند کاریگەری هەبوە لەسەر چاندنی چەڵتوک، ئەو وتی "بێگومان ڕووبەری کەمتر کرا بەبرنجو ئاویش وەک پێویست نەبوو، هەرچەندە بەهۆی وشکەساڵییەوە بەبڕیاری سەرووی خۆمان جوتیارانمان ئاگادار کرد لەوەی برنج نەکەن، بەڵام جوتیاران سوربوون لەسەر بەرهەمهێنانی برنج، بەرهەمهێنانی برنج ئاوی باشی دەوێت، بۆیە هەم ڕوبەر کەمکرایەوەو هەم بڕی بەرهەمیش بەراود بەساڵانی پێشوتر کەمتر بوو".

> چەندایەتی برنج لەهەمانکاتیشدا کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنایەتی برنجیش

جوتیاران داواکارییان زۆرەو حکومەت توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی نیە

لەبارەی ئەو زەویانەی لەمساڵدا بۆ چەڵتوک داچێندرابون، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دەربەندیخان وتی "بەهۆی کەمی ئاوەوە ڕووبەری زەوی بەکارهێنراو کەم کراوەتەوە بۆ شەست دۆنم زەوی، پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان ئاوو زەویدا، حەفتا جوتیار سەرقاڵی بەرهەمهێنانی برنجن بەنۆرە، ساڵی ٣٥ جوتیار برنج بەرهەمدەهێننو پێیدەوترێت قاڵب".

دەربارەی خواست لەسەر بەرهەمی برنجی ناوچەکەیان، ئەو وتی "بەهۆی باشی جۆرەکەیو تامو چێژەوە خواستێکی زۆری لەسەرەو هاوڵاتیانو کڕیاران بەپەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنە بەرهەمی دەکەنو زۆرێک لەچێشتخانەکانی سنورەکەو بەتایبەت سلێمانیش بەکاریدەهێنن".

لەبارەی ئەو کێشانەی جوتیاران لە ناچەکەدا هەیانە، ئەو وتی "جوتیاران داواکارییان زۆرەو حکومەت توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی نیە، چەندین جار داوامان کردووە بەڵام بێ سوود بووەو هێشتا لەهەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ دابینکردنی بنەتۆوی باشو سمادو قرکەری باشو دابینکردنی پرۆژەی ئاودێرییو هەڵبەستنی جۆگە".

گوندی بانی خێڵان دەکەوێتە خواروی دەربەندخان بەدوری پێنج کیلۆمەتر، دانیشتوانی ئەو گوندە بەکاری کشتوکاڵیەوە سەرقاڵنو بەرهەمهێنانی برنج یەکێکە لەپیشە سەرەکیەکانیان، بەپشتبەستن بەئاوی گەڕاوەی بانی خێڵان، هەندێک لەجوتیارانیش پشتیان بەستووە بەئاوی سیروان.

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دەربەندیخان وتی "ئەگەر بێتوو جوتیاران پرۆژەیەکی ئاودێری باشیان هەبێتو سود لەئاوی سیروان وەربگیرێت، زۆر لەو ڕێژە برنجەی ئێستا بەرهەم دێتو دەتواندرێت ڕوبەرێکی زیاتر دابچێندرێت".

وتیشی "وەک بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەربەندیخان چەندین یاداشتو داواکاریمان ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ کردووەو داوامانکردووە گرنگی تایبەت بدرێت بەگوندی بانی خێڵان بۆ بەرهەمهێنانی برنج، چونکە بەرهەمی ناوخۆییەو خواستی زۆری لەسەرە، بەداخەوە نەتواندراوە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت ئەمە وایکردووە بەرهەمهێنان کەم بێتەوە".

دۆلار دادەبەزێت، دۆلار دانابەزێت

گفتوگۆیەک لەگەڵ وتەبێژی بازاڕی دۆلارەکە

ئا: رێژەن سەردار

جەبار گۆران، کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەئابوریو وتەبێژی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانییە، لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ "بازرگانیو پیشەسازی" دەڵێت "لەئێستادا هاوڵاتیان دابەشبوون بەسەر دوو ئاڕاستەدا کەسانێک هەن پێیانوایە گۆڕانکاری لەبەهای دۆلار ناکرێتو دانابەزێت، کەسانێکیش دەڵێن نرخی دۆلار دادەبەزێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا نرخی دۆلار لەبازاڕەکاندا ناجێگیرەو بەردەوام گۆڕانکاریی تێدا ڕوودەدات".

بازرگانیو پیشەسازی: لەرۆژانی رابردوودا نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار دابەزینی بەخۆیەوە بینی، هۆکارەکەی چی بوو؟

جەبار گۆران: هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە بوو کە گوایە گۆڕانکاریی لەنرخی دینار دەکرێت، کۆکردنەوەی واژۆی ٤١ پەرلەمانتاری عێراق بۆ ئەم مەبەستە کە وەکو پێشنیاز داوا دەکەن نرخی دۆلار دابەزێت، بەڵام ئەم کارە تەنها پێشنیازەو دەسەڵات لای بانکی ناوەندی عێراقە نەک پەرلەمان، چەند رۆژێک پێش ئێستا یەکێک لەپەرلەمانتارانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان داوای کرد بەچەند قۆناغێک گۆڕانکاریی لەبەهای دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دیناری عێراقی بکرێت، کۆی ئەم دەنگۆیانە کاریگەری هەبوو لەوەی تا ڕادەیەک دۆلار دابەزێت.

بازرگانیو پیشەسازی: ئەم دەنگۆیانە تا چەند دۆلاری دابەزاند بەرامبەر دینار؟

جەبار گۆران: نزیکەی ٢ هەزار و ٥٠٠ دینار نرخی دۆلاری دابەزاند، نرخی ١٠٠ دۆلار نزیک بووەوە لە ١٤٥ هەزار دینار.

بازرگانیو پیشەسازی: پێشبینی دەکەن نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار دابەزێت؟

جەبار گۆران: دەسەڵاتی دابەزاندنی بەهای دۆلار لای بانکی ناوەندییە، هەر گۆڕانکارییەک لەبەهای دۆلار بکرێت دەبێت بەئاگاداریو هەماهەنگی کردن بێت لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتیو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، تەنانەت بانکی فیدراڵی ئەمریکاش دەبێت ئاگادار بێت، ئەم پرسە باگراوندێکی نێودەوڵەتی هەیە، کاتێک بەهای دینار بەرامبەر دۆلار دابەزێنرا عێراق کورتهێنانی بودجەی هەبوو، قەرزێکی زۆریشی لەسەر بوو، بەڵام جیا لەم هۆکارانە، بڕە پارەیەکی یەکجار زۆر لەعێراق سپی دەکرایەوەو بڕێکی زۆری دۆلاریش دەبرایە دەرەوەی وڵات، ئەگەر ئەجندایەکی هەرێمی هەبێت بۆ گۆڕانکاریی کردن لەنرخی دینار بەرامبەر دۆلارو دووبارە دابەزاندنی بەهای دۆلار، ڕەنگە لایەنە نێودەوڵەتییەکان ئەمەیان قەبوڵ نەبێت، سەرچاوەی سەرەکی ئابووری عێراق نەوتە، کاتێک عێراق نەوت دەفرۆشێت لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا (فیدراڵ ریزێفتی ئەمریکا) دۆلار دەخاتە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی عێراق، ئەمە باڵانسی دیناری بەرامبەر دۆلار ڕاگرتووە لەعێراقدا، حکومەتی ئەمریکا یەک هەفتە ئەمە ڕابگرێت ئەو کاتە دینار ڕووبەڕووی هاڕەکردنی گەورە دەبێتەوە. بەبۆچونی من ئەمساڵ زۆر ئەستەمە بەهای دۆلار گۆڕانکاری تێدا بکرێت، سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عێراق نەوتە ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت، دیسانەوە کورتهێنان لەبودجە ڕوئەدات، بۆیە ناکرێت ئێستا بەهای دۆلار دابەزێتو چەند مانگێکی دیکە بەرزبکرێتەوە، ئەمە کاری کەسانی پسپۆڕ و شارەزاییە لەبانکی ناوەندی نەک سیاسییەکانو پەرلەمانتاران، ئەوەی من ئەیبینم جوڵاندنی ئەم بابەتە بۆ کاریگەریی کردنە سەر هەستو سۆزی خەڵکو کۆکردنەوەی دەنگو بانگەشەی سیاسییە.

> لەهەر وڵاتێکدا ئابوری خرایە خزمەتی سیاسەتەوە ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی ناسەقامگیری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی دەبێتەوە

بازرگانیو پیشەسازی: بەڵام پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراقو سیاسەتی ئابوری نوێی حکومەت ناتوانێ کاریگەری لەدیاریکردنی نرخی دینار بەرامبەر بەدۆلار هەبێت؟

جەبار گۆران: لەهەر وڵاتێکدا ئابوری خرایە خزمەتی سیاسەتەوە ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی ناسەقامگیری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، لەهەر وڵاتێکیشدا سیاسەت خرایە خزمەتی ئابوری گەلێکی خۆشگوزەرانو ئابوریەکی سەرکەتووی دەبێت، لەچەند مانگی ڕابردوودا بەهۆی تویتێکی موقتەدا سەدر دۆلار دابەزی تاکو ١٤٠ هەزار دینارو هاوڵاتیەکی زۆر دۆلاریان فرۆشتو چەند رۆژێک دواتر دۆلار بەرزبویەوە بۆ ١٤٨ هەزار دینار، ئەم یارییە سیاسیانە هاوڵاتیان توشی زەرەرو زیان دەکات، بۆیە پێویستە بانکی ناوەندی بەئاشکراو فەرمی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەم بارەیەوە بدات.

بازرگانیو پیشەسازی: هاوڵاتیان ئێستا لەبازاڕی دراودا زیاتر دۆلار دەکڕن یاخود دەیفرۆشن؟

جەبار گۆران: لەئێستادا هاوڵاتیان دابەشبوون بەسەر دوو ئاڕاستەدا کەسانێک هەن پێیانوایە گۆڕانکاریی لەبەهای دۆلار ناکرێتو کەسانێکیش دەڵێن نرخی دۆلار دادەبەزێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا نرخی دۆلار لەبازاڕەکاندا ناجێگیرەو بەردەوام گۆڕانکاریی تێدا ڕوو دەدات.

بازرگانیو پیشەسازی: ئەم دابەزینە خێراو زۆرەی یۆرۆ بەرامبەر بەدۆلار هۆکارەکەی چییە؟

جەبار گۆران: هۆکاری دابەزینی نرخی یۆرۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بانکی ناوەندی ئەمریکا بەهای سودی بانکی بەچەند قۆناغێک بەرزکردەوە لەمانگی ئەیلولدا، لەبەر ئەمەش یۆرۆو یانی چینی لەبەرامبەر دۆلار دابەزین، دوهەم هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبونەوەی رێژەی هەڵئاوسان لەئابوری وڵاتانی ناوچەی یۆرۆو بەریتانیا، لەبەریتانیا هەڵئاوسانی ئابوری گەیشتۆتە زیاتر لەسەدا ١٠، لەیەکێتی ئەوروپا هەڵئاوسانی ئابوری گەیشتۆتە زیاتر لەسەدا ٩، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر نرخی یۆرۆ هەبووە، قەیرانی وزەش کە بەهۆی جەنگی روسیاو ئۆکرانیا سەریهەڵداوە کاریگەری هەیە لەسەر دابەزینی بەهای یۆرۆ، وزە گران بێت هەموو شتێک گران دەبێت، ئەگەر ئەم زستانە کێشەی گرانی نرخی سوتەمەنی سەرهەڵبدات یۆرۆ زیاتر دابەزێت.

بازرگانیو پیشەسازی: ئایا لەم بارودۆخەدا بەهای دینار بەراورد بە بەهای دراوی وڵاتانی دەوروبەر باشترە؟

جەبار گۆران: تمەنی ئێرانی لەدابەزینی بەردەوامدایەو لیرەی تورکی بەهۆی کەمکردنەوەی نرخی سودی بانکی بەردەوامە لەدابەزین بەرامبەر بەدۆلار، لەئێستادا دیناری عێراقی لەتمەنو لیرەی تورکیو سوری بەرزترو سەقامگیرترە.

بازاڕی دۆلارەکە

ڕۆژانە نزیکەی ٢٠٠ هەزار مەتر سێجا ئاوی ئاوەڕۆی سلێمانی بەخەسار دەڕوات

دەرچەیەکی ئاوەڕۆی سلێمانی

ئا: بازرگانیو پیشەسازی

یەکێک لەکێشەکانی شاری سلێمانی کە هاوکات لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوانو فراوان بوونەوەی شاردا پەرەدەستێنێت کێشەی ئاوەڕۆیە، ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئاوی قورسدایە لەڕێگەی دروستکردنی وێستگەی چارەسەری ئاوی قورسو ڕیسایکلینی ئاوەڕۆو دووبارە بەکارهێنانەوەی، "ئەندازیار کامەران جەمال حەمە" کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەبەڕێوەبردنی ئاوو ئاوەڕۆدا دەڵێت "پرۆژەی جێبەجێکردنو ڕیسایکلینی ئاوی قورس لەسلێمانی بەپرۆژەیەکی ستراتیژیی دادەنرێت".

پرۆژەیەکی ستراتیژییە

ئەندازیار کامەران جەمال حەمە، بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند لەنزیکەوە ئاگادارە لەوەی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەهەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ چەند لایەنێکدا پرۆژەی دروستکردنی وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قورسی شاری سلێمانی ئامادە بکەن کە پرۆژەیەکی ستراتیژیی گەورەو مەودا درێژە، ئەو وتی "ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی ئەندازیاری سادە نیە وەک دروستکردنی شەقامێک یان خوێندنگەیەک، بەڵکو ئەمە پرۆژەیەکی ستراتیژییە، وەکو جێبەجێ کردنی هێڵی شەمەندەفەرو دروستکردنی بەنداوەکان، پرۆژەی جێبەجێکردنو ڕیسایکلینی ئاوی قورس لەسلێمانی بەپرۆژەیەکی ستراتیژی دادەنرێتو بودجەی تایبەتی پێویستە بۆ جێبەجێکردنی".

وتیشی "لەسلێمانی لەم کاتەدا بەگریمانەیی ڕۆژانە نزیکەی ٢٠٠ هەزار مەتر سێجا ئاو بەخەسار دەڕوات لەڕێگەی ئاوەڕۆوە، ئەمەش بڕێکی زۆر زۆرە، ئەگەر بێتوو بتوانرێت یەکەیەکی ڕیسایکلینو وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قورس دابنرێت، نزیکەی ١٠٠ بۆ ١٥٠ ملیۆن دۆلاری دەوێت، بۆیە ئەم پرۆژەیە زۆر گەورەیەو پارەیەکی زۆری دەوێت، حکومەتی هەرێمو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانو شارەزایان لەگرنگیو بایەخی پرۆژەکە تێدەگەن، بەڵام بودجەکەی گرفتە، لەم کاتەدا تا ڕادەیەک حکومەت ناتوانێت ئەو پارە زۆرە تەرخان بکات، بەڵام بیرۆکەکە ئەوەیە، کۆمەڵێک لەسەرمایەدارانو وەبەرهێنەران هاوکار بن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەو کاریش بکرێت لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لەبواری ژینگەدا کاردەکەن تاکو هاوکار بن لەجێبەجێکردنی. ئەمە لەئەنجومەنی شارەوانیش گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، ئەو ڕێکخراوو ئاژانسە نێودەوڵەتیانە ژینگەی سەرجەم وڵاتان بەسروشتی جیهانی دەزانن، چونکە کێشەیەکی ژینگەیی لەعێراقدا هەبێت کاریگەری دەکاتە سەر وڵاتانی دراوسێو جیهانیش، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە حکومەتی هەرێم بودجەیەکی بۆ تەرخان بکات، واتە تێچوی پرۆژەکە دابەش بکرێت بەسەر ئەو سێ لایەنەدا".

قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە

سەبارەت بەقۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ئەندازیار کامەران جەمال حەمە وتی "بیرۆکەکە ئەوەیە پرۆژەکە بەچەند قۆناغێک بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، قۆناغی یەکەم پلانمان وایە ٦٠ هەزار مەتر سێجا ڕیسایکلین بکرێت لەڕۆژێکدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەو دەستکردن بەکارکردن لەپرۆژەکە سەرەتا پێوستە کۆمپانیایەکی شارەزاو پسپۆڕ لەبواری ژینگەو پاراستنی ژینگە کە چەندین ئەندازیاری پسپۆڕو شارەزایان هەبێت، هەستن بەتوێژینەوە لەسەر شاری سلێمانیو نمونە وەردەگرن لەئاوەڕۆکان، پشکنینی بۆ بکەنو بزانن چەند مادەی پیسی تێدایە، دواتر بڕیار دەدەن".

وتیشی "ئێمە لەشارەوانی سلێمانی جێگەمان بۆ یەکەی ریسایکلینەکە دابین کردوە، بەڵام یەکلایی نەبۆتەوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە کۆمپانیاکە بڵێت ئەو شوێنە باش نیە، لەشوێنێکی تر توێژینەوە دەکەین، ئێمە باشوری سلێمانیمان دیاری کردوە لای پردی تانجەرۆ لەوێ نمونەکان وەربگرێت بۆ تاقیگە، شوێنەکەیو زەوی پرۆژەکە دیاریکراوە، دوای ئەوەی کۆمپانیاکە هاتو توێژینەوەی کردو ڕایگەیاند ئامادەیە کار بکات، بەچەند قۆناغێک پرۆژەکە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوکاتە پرۆپۆزەڵی بۆ ئامادە دەکرێت، دەڵێن ئەم پرۆژەیە پێویستی بەوەندە پارەیە بۆ تەواوکردن، لەو کاتەدا پێویستە حکومەتی هەرێمو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو ئەنجومەنی وەزیران بێنە سەر هێڵ، بودجەیەک کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی دەستبکرێت بەکارکردن لەپرۆژەکەدا".

کۆمپانیا بیانیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی بکەن

ئەندازیار کامەران جەمال حەمە، ئاماژە بەوە دەکات کە لەئێستادا سەرقاڵی ئەوەن نوسراوێک بکەن بۆ وەزارەتی پلاندانان تا پرۆژەکە بدرێتە کۆمپانیایەکی بیانیو لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشەوە سەرپەرشتی جێبەجیکردنی پرۆژەکە بکرێت، ئەو وتی "ڕێکخراوەکانی (جایکاو بای وەتەر) لەئێستادا لەهەولێر کاردەکەن، قەرزی درێژخایەن دەدەنە حکومەتی عێراقی پرۆژەی پێ جێبەجێ دەکەن، پلانیان هەیە لەهەولێر بەبڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار پرۆژەی ئاوی قورس جێبەجێ بکەن، بۆیە ئێمەش کار لەسەر ئەوە دەکەین لەسلێمانیش بتوانین ئەو کارە بکەین، هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئامادە بێت پارە بەقەرز بدات، زەویو داتاکانی دەدەینێ بۆ ئەوەی کارمان لەگەڵ بکات، ئەمە هەوڵێکە".

وتیشی "ئێمە هەوڵێکی دیکەشمان داوە لەگەڵ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو کاک سیروان محەمەد سەرۆکی ژوور، کۆمپانیای (هایدۆ پیو) ئامادەیی دەربڕیوە بەبڕی ٣٠ ملیۆن دۆلار پرۆژەی جێبەجێکردنی ئاوی قورس لەسلێمانی بەکەمترین ماوە دروست بکات کە لەتوانایدا هەیە ٦٠ هەزار مەتر سێجا ئاوی قورس چارەسەر بکات لەڕۆژێکدا، نرخەکەیان زۆر گونجاوە، بەراورد بەوڵاتان زۆر هەرزانە، بەڵام دەبێت پرۆپۆزەڵمان بداتێ، منیش نوسراوم کردوە بۆ خاتو لەیلا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی تاکو بتوانین نمونە وەربگرینو دەستبکەین بەتوێژینەوە، بۆ ئەوەی بزانین مادە پیسەکان چیەو چۆنە".

پرۆژەکە ئاوی تانجەرۆو دەربەندیخان پاکژ دەکاتەوە

ئەندازیار کامەران جەمال حەمە ئەوە ڕوندەکاتەوە کە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی پێیوایە پرۆژەکە ستراتیژییەو بەجێبەجێکردنی ناوی شاری سلێمانی دەچێتە ناو لیستی ئەو شارانەی کە ژینگە دەپارێزن، بۆیە پێوستە بەوپەڕی تواناوە هەوڵبدرێت بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو وتی "لە ئێستادا ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان پیس بووە، ئەو ئاوە پیسەی دەڕژێتە تانجەرۆوە دەچێتە دەربەندیخان، ئەگەر ئاوی پێش لەتانجەرۆ چارەسەر بکەین، واتا چارەسەری کێشەی پیسبوونی ئاوی دەربەندیخانیش دەکەین، ئەمە هەمووی پەیوەندی هەیە بەیەکەوە".

وتیشی "ئەو ئاوەی کە پاک دەکرێتەوە لەڕێگەی پرۆژەکەوە باخچەکانو پارکەکانو بلوارەکانی پێ ئاو دەدەینو ژینگەی تانجەرۆش دەپارێزین، پاراستنی ژینگەش لەجیهانی ئەمڕۆدا کارێکی زۆر گرنگە".

ئاوەڕۆی سلێمانی ٢٠ دەرچەی هەیە

ئەندازیار کامەران جەمال حەمە ئەوە ڕوندەکاتەوە کە توێژینەوەیەک کراوە لەساڵی ٢٠١٨داو بەپێی ئەو توێژینەوەیە ئاوەڕۆی شاری سلێمانی ١٦ دەرچەی هەیە، ئەو وتی "بەڵام من خۆم توێژینەوەم لەسەر کردووەو هەتا ئێستا نزیکەی ٢٠ دەرچەم بینیوە، واتە لەسنوری تاسڵوجەوە تاکو تانجەرۆ نزیکەی ٢٠ دەرچەی ئاوەڕۆ هەیە، لە ڕێگای ئەم دەرچانەوە ئاوەڕۆ دەچێتە تانجەرۆ، ئەم دەرچانە کاتێک شوێنی دروستکردنی پرۆژەکە دیاری دەکرێت، بڕگەیەکی بریتییە لەدرێژکردنەوەی دەرچەکانی ئاوەڕۆو گەیاندنی بۆ ناو پرۆژەکە، لەگەڵ دیزانی پرۆژەکە دەکرێت، بەڵام ئێمە لەقۆناغی یەکەمدا ٧ بۆ ١٠ دەرچە دەگەیەنینە ناو پرۆژەکە کە لەپردی قلیاسانەوە دەستپێدەکات تاکو پردی تانجەرۆو ١٠ دەرچەمان هەیەو لەچەند شوێنێکدان هەمووی دەخرێنە قۆناغی یەکەمەوە".

وتیشی "من پێم باشە لەسەر ئەمە کار بکەین بەڵام ئەوەی یەکلایی دەکاتەوە بودجەی پرۆژەکەیە، لەقۆناغی یەکەمدا دەتوانین ٧ بۆ ١٠ دەرچە درێژ بکەینەوە بۆ ناو پرۆژەکە".

دوای بەغدا، لەئاستی عێراقدا سلێمانی پێشەنگ دەبێت

ئەندازیار کامەران جەمال حەمە ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەر ئاستی عێراق، شاری بەغدای پایتەخت خاوەنی سێ وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قورسە، ئەو وتی "ئەگەر ئەم وێستگانە نەبونایە بەغدا وێران دەبوو، شاری بەسرەش هەیەتی، شارەکانی تری وەک نەجەفو کەربەلاش وێستگەی بچوکیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆژەیە بەم قەبارەیە جێبەجێ بکرێ لەسلێمانی، ئەوا دوای بەغدای پایتەختی عێراق، لەم بوارەدا سلێمانی دەبێت بەپێشەنگ".

وتیشی "تا ئێستا وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قورس لەهەرێمی کوردستاندا نیە، بەڵام هەولێر کاری لەسەر دەکات، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ڕێکخراوی جایکا حکومەتی هەرێم گرێبەستی ئەنجامداوەو بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخان دەکات بۆ دروستکردنی وێستگەکە، پلان وایە ٧٥ کیلۆمەتر ئاوەڕۆ درێژ بکرێتەوە لەگەڵ دروستکردنی وێستگەیەک کە بتوانێت ١٠٥ هەزار مەتر چوارگۆشە ئاو پاک بکاتەوە لەقۆناغی یەکەمدا، پلانی درێژخایەنیان داناوە تاکو ساڵی ٢٠٤٥، بەڵام لەئێستادا هیچ پرۆژەیەکی چاککردنی ئاو لەکوردستاندا نیە".

سوودەکانی چارەسەرکردنی ئاوی قورس

ئەندازیار کامەران جەمال حەمە، جەغت لەوە دەکات پرۆژەی چارەسەرکردنی ئاوی قورسی سلێمانی سوودی زۆرە، گرنگترینیان بریتین لە:

١/ پارێزگاریی لەئاوی سەرزەویو ژێر زەوی ئاوی تانجەرۆ دەکات لەپیس بوون، بەو پێیەی لەئێستادا ئاوی سەر زەویو ژێرزەویش پیس بووە، ئێستا لەگوندی خەلیفاوە هاوڵاتیان بیرێک لێبدەن دەگاتە ئاو، بەڵام ئاوەکەی بە کەڵکی خواردنەوە نایەت چونکە پیس بووە.

٢/ بەکارهێنانەوەی ئاوی چاککراو بۆ ئاودانی سەرجەم پارکو باخچەو بلوارەکانی شاری سلێمانی، لەگەڵ ئاودێریی کردن بۆ کاری کشتوکاڵی، پرۆژەکە لەنزیک ناوچەی کشتوکاڵی دادەنرێتو دەتوانرێت ئاوی چاککراو بگەیەنرێت بەجوتیاران تاکو بتوانن بەئاوێکی چارەسەرکراو ئاودێری بکەن، نەک ئاوی ئاوەڕۆ کە مەترسی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ.

٣/ مەترسی پیسبوونی ئاوی سیروانو دەربەندیخان کەم دەکاتەوە یان نایهێڵێت، کە بەهۆی ئاوەڕۆی سلێمانیەوە بۆی دروست بووە.

٤/ ئاوی چارەسەرکراو بۆ پیشەسازیش بەکاردێت، لەتانجەرۆ چەندین کارگە هەیەو هەموویان پێویستیان بەئاوە، لە ئێستا ئاوی شیرینی خواردنەوە بەکاردەهێنن کە ئەمە بەفیڕۆدانە.

٥/ چارەسەرکردنی ئاوی قورس پاشەڕۆی ڕەق دروست دەکات، کە لەوڵاتان وشک دەکرێتەوەو وەکو پەیینی کشتوکاڵی بەکاردێت، پرۆژەکەش وا دیزاین دەکەین پاشەڕۆ ڕەقەکەی بکەینە پەیینو سەماد بۆ باخچەو پارکەکانو زیادەکەشی بفرۆشرێت.

٦/ لەئاوی ئاوەڕۆ دەتوانرێت غاز بەرهەم بهێنرێت، یەکەیەکی بۆ دروست دەکرێت بەمەبەستی بەرهەمهێنانی غاز کە دەتوانرێت وزەی کارەبای لێبەرهەم بهێنرێت یان بەو غازە وێستگەکە بەڕێوەبەرین.

٧/ لەسەر ئاستی عێراقو وڵاتانی جیهان، سلێمانی دەبێتە یەکێک لەو شارانەی ژینگە دەپارێزێت، ئەمەش زۆر گرنگە، چونکە ئەمڕۆ بابەتی پاراستنی ژینگە وەکو پاک ڕاگرتنی ماڵ وایە کە سوودی بۆ هەموو جیهان هەیەو لەسەر ئاستی عێراقو جیهان ستایشو دەستخۆشیمان لێدەکرێت.

> **لەسنوری تاسڵوجەوە تاکو تانجەرۆ نزیکەی ٢٠ دەرچەی ئاوەڕۆ هەیە**

بەهۆی زۆری باجەوە لەمساڵدا زیاتر لە ١٠٠ ڕێستۆرانتو شوێنی گەشتیاری مۆڵەتەکانیان پوچەڵ کردوەتەوە

ئا: زریان محەمەد

سەرۆکی کۆمەڵەی چێشتخانەو میوانخانەکان لەشاری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت بەهۆی زۆری باجو نەبونی پشتیوانی پێویست بۆ کەرتی میوانخانەو هۆتێلو شوێنە گەشتیاریەکانو ڕێستۆرانتەکان زیاتر لە ١٠٠ شوێن لەمساڵدا مۆڵەتەکانیان پوچەڵ کردۆتەوە.

مەحمود تۆفیق، سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکان بەرۆژنامەی "بازرگانی وپیشەسازی" ڕاگەیاند "ڕەوشی هوتێلو ڕستۆرانتەکان لەم کاتەدا باش نیە گەشتیار زۆر کەمبۆتەوەو دەرهێنانی مۆڵەتیش زۆر قورس بوە بۆیە داوا دەکەم حکومەت هاوکاری بنکە گەشتیاریەکان بکات با پەنا نەبەن بۆ پوچەڵکردن".

ڕاشیگەیاند "گرفتەکە لەوەدایە کەس گوێمان لێناگرێ کار ئاسانی بۆکەرتی گەشتوگوزار ناکرێ، بۆیە هەر سەرمایەدارێک نیەتی هەبێ پرۆژە یەکی جوان بکات لەبواری گەشتوگوزار پێماندەڵێن زەمان نیە قازانج بکەین، بۆ ئەمەش قەرزی کەڵەکە بوی دەستەبەری کۆمەڵایەتیو کارەباو چەندین جۆر رسوماتی جۆراوجۆری لەسەر زیاد دەکاتو ١٠ جۆر باجی حکومەت وایکردووە کەرتی گەشتیاری بتۆرێنێت، خاوەن پرۆژەش هیچ دڵخۆشی بەو کارە نەماوە".

سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکان ئاماژە بەوە دەکات کۆمەڵەکەیان بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو بنکە گەشتیاریەکان دەکات، ئەو وتی "ئەرکی کۆمەڵەکەمانە خزمەتی هەمو بنکە گەشتیاریەکان بکاتو هەموو دامودەزگاکانی حکومەت شایەتیمان بۆ دەدەن".

وتیشی "لەسنوری پارێزگای سلێمانی خۆشبەختانە لەساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی هوتێلو مۆ تێلو رستۆرانتو کافێو چێشتخانەو میوانخانەو خواردنگەکان بریتیە لە٢٠١٢٧ بنکەی گەشتیاریی، بەڵام بەگەشتیارییو بەمیللیەوە لەمساڵدا ١١٧ شوێن مۆڵەتەکانیان پوچەڵ کراوەتەوەو بەبڕوای کۆمەڵەکەمان لەئێستادا ئەم ڕێژەیە زۆرە، داواکارم حکومەت هاوکارمان بێو پشتیوانیمان بکات، ئێمەش پەیمان دەدەین لەدەرەوەی هەرێمو ئەوروپا گەشتیار بهێنینە هەرێمی کوردستانو شاری سلێمانی خۆشەویست، بەڵام بەمەرجێ حکومەتو دەسەڵات گوێمان لێبگرێو هە ندێ لەو کێشانەمان بۆ چارەسەر بکات".

ریستۆرانتێک لەسلێمانی

ئەمە لەکاتێکدایە کە خاوەنت چێشتخانەو میوانخانەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە زەرەرمەندی یەکەمی قەیرانی داراییو شەڕی داعش، میوانخانەکان، هۆتێلەکان، مۆتێلەکان، چێشتخانەو ڕیستۆرانتەکان، گوندە گەشتیاریو بنکە گەشتیارییەکان بوون.

> ژمارەی هوتێلو مۆ تێلو رستۆرانتو کافێو چێشتخانەو میوانخانەو خواردنگەکان لەسلێمانی ٢٠١٢٧ بنکەی گەشتیارییە

نرخی مریشک ناجێگیرە

ئا:زریان محەمەد

نرخی مریشک لەبازاڕدا ناجێگیرەو سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبونی پشتیوانیو بەبازاڕ نەکردنی بەرهەمەکەیان.

نرخی کیلۆیەک مریشکی زیندوو لەبازاڕدا لەماوەی یەک مانگی رابردودا لەنێوان ٢٢٥٠ بۆ ٣٧٥٠ دیناردا بوەو ناجێگیریی نرخی بەخۆیەوە بینی، لەمبارەوە نازم عەبدوڵا جاف،سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "کێشەو گرفتەکانمان هەمیشە بەردەوامە، کێشەی سەرەکیمان بەبازاڕکردنە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی تۆکمەی هەبێت کە مریشک بەبازاڕ بکات، واتا نەلەسەر هاوڵاتیان گران بکەوێت، نەخاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان بەردەوام زەرەر بکەن، بۆیە حکومەت گەر بەخەم ئەم کەرتەوەیە پێویستە تێچون کەم بکاتەوە، ئەوەش لەڕێگەی هەرزانکردنی بڕی تێچونو چاودێری کارگەکانی عەلەفەوە کە هەریەکێکیان بەنرخێک دەیفرۆشێت، ٣٨ کارگەی عەلەف هەیە هەریەکەو نرخێکەو تائێستا غازو گازمان بۆ دابین ناکرێت کە ئەوە گرفتی هەموو پرۆژەکانە کە بەرەو وەرزی سەرما دەڕۆین".

ئەمە لەکاتێکدایە کە کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان زیانی یانزە مانگی ئەمساڵیان بە ١٠٠ ملیار دینار دەخەملێنن لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، سەرۆکی کۆمەڵەکە وتی "لەسەرتاسەری کوردستان لەدهۆکەوە هەتا کەلار لەسەرەتای ئەمساڵەوە ١٠٠ ملیار دینار زیان بەر خاوەن پرۆژەکان کەوتووە".

وتیشی "خاوەن پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی مریشک لەکۆی ١٢ مانگ تەنها یەک مانگ قازانج دەکات، لەکاتێکدا ئێمە وەبەرهێنین کە لەهەموو جیهاندا وەبەرهێن ناهێڵدرێت توشی زیان بێت، بەڵام ئێمە خەمخۆرمان نیەو بەردەوام لەزەرەرداین، ٤٠٠ هەزار تۆنمان هەیە بەرهەمی مریشک لەکاتێکدا پێویستمان بە ١٥٠ هەزار تەنە بۆ ناوخۆ، ئەگەر حکومەتی هەرێم تێچوو کەم کاتەوە ئەوا مریشک ڕەوانەی وڵاتانی دراوسێش دەکەین، بۆیە حکومەت دەبێت ئەم کەرتە ڕێکبخاتەوەو دەرفەتی کاری زیاتر برەخسێنین بۆیە حکومەت نابێت لەوە زیاتر بێدەنگ بێت، نابێت مریشکی بەستو هاوردە بکرێت کە زیانی زۆری لێداوین، بۆیە داواکارم لەوەزارەتی پێشمەرگەو تەندروستی چێشتخانەو ڕێستۆرانتەکان بەرهەمی ناوخۆیی بەکاربهێنن‌و حکومەت فشاری زیاتر بکات بۆ پشتیوانی بەرهەمی ناوخۆیی".

نازم جاف جەغتی لەوەش کردەوە کە "حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری لەهاوردە کردنی ڤاکسین ڤیتامینو دەرمان ناکات ئەوانەی هەیە کوالێتیان کەمە، خراپی جوجکەو ئەو هێلکانەی دێن بۆ تروکاندن باش نیە، چونکە چاودێری باشی ناکرێت".

> نابێت مریشکی بەستو هاوردە بکرێت کە زیانی زۆری لێداوین

کێڵگەیەکی بەخێو کردنی پەلەوەر

کارگەیەک ١٥ جۆر بەرهەمی شیرەمەنی بەرهەم دەهێنێت

خاوەنی کارگەکە: سەرەکترین کێشەمان کارەبایە

کارگەی هالە

ئا: ڕێژەن سەردار

ئەدیب عەلی، خاوەنی کارگەی هالە، لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" دەڵێت "ڕۆژانە دەتوانین ٢٠ بۆ ٣٠ تۆن بەرهەمەکانی شیرەمەنی لەم کارگەیەدا بەرهەم بهێنین".

بازرگانیو پیشەسازی: کارگەی هالە کەی دامەزراوەو هەلی کاری بۆ چەند کەس ڕەخساندووە؟

ئەدیب عەلی: کارگەی هالە بۆ بەرهەمەکانی شیرەمەنی لەساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، ، لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا بەتەواوی ڕەچاوی پاکو خاوێنی دەکەین، ڕێگە نادەین هیچ کارمەندو کەسێک بەبێ بەکارهێنانی دەمامکو داپۆشینی سەرىو تەقیم کردنی بچێتە ناو کارگەکە، لەبارەی ڕەخساندنی هەلی کاریشەوە ژمارەیەکی زۆر لەگەنجانی گەڕەکی ڕاپەرین لەم کارگەیەدا کار دەکەن، بەشێوازی ناڕاستەوخۆش چەندین کەس سودمەندن لەم کارگەیە.

بازرگانیو پیشەسازی: لەڕوی نرخو کوالێتیەوە تاکو چەند توانیوتانە کێبرێکی بەرهەمی وڵاتان بکەن کە لەئێستادا لەبازاڕەکانی کوردستاندا هەن؟

ئەدیب عەلی: ئێمە بەشێوازێکی زۆرباش توانیومانە لەڕووی نرخو کوالێتیەوە کێبڕکی بەرهەمی هاوردەکراو بکەین، هاوڵاتیان لەنرخو کوالێتی بەرهەمەکانمان زۆر ڕازین، لەڕووی کوالێتیەوە ئێمە بەشێوازێکی جیاواز لەبەرهەمەکانی دیکە کاردەکەین، بەهیچ جۆرێک نیشاستە لەبەرهەمەکانماندا بەکارناهێنین، بەرهەمەکانمان بە بەردەوامی لەژێر چاودێری لیژنە هاوبەشەکانی قائیماقامیەتی سلێمانیو لیژنەی تەندروستیدایە، خۆبەشبەختانە بە بەردەوامی سەردانمان دەکەنو لەنزیکەوە چاودێری کارەکانمان دەکەن.

بازرگانیو پیشەسازی: چەند جۆر بەرهەمتان هەیەو کام بەرهەمە زۆرترین خواستی لەسەرە؟

ئەدیب عەلی: ١٥ بۆ ٢٠ جۆر بەرهەمی شیرەمەنی لەم کارگەیە بەقەبارەی جیاوازو بە بەرزترین کوالێتیو بەفرێشی دەخەینە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە، زیاتر بەرهەمی ماستو دۆ خواستی لەسەرە.

بازرگانیو پیشەسازی: کێشەو گرفتەکانتان چیە؟

ئەدیب عەلی: کێشەو گرفتمان زۆرە، بەڵام سەرەکترین کێشەمان کارەبایە، لەبەرئەوەی توانای بەرهەمهێنانمان کەم دەکاتەوەو خەرجی پرۆسەی بەرهەمهێنان بەشێوازێکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە، کە ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کێبڕێکی بازاڕ، لەوڵاتان هەموو ئاسانکارییەک بۆ کارگەکان دەکرێت، بەداخەوە لێرە ئەو ئاسانکارییانە نیە، جیا لەوەی گاز بۆ مۆلیدەکانی خۆمان دەکڕین، کرێی کارەبای حکومی زۆر گرانە لەسەرمان، کێشەیەکی تر کە سەرجەم پیشەسازانو خاوەن کارگەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن بریتیە لەفەرمانگەی زەمانی کرێکاران کە پارەیەکی یەکجار زۆرمان لێدەسەنن، ئەمەش بارگرانی سەختی بۆ دروست کردوین.

بازرگانیو پیشەسازی: پێشنیازتان چیە بۆ ئەوەی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان گەشەسەندنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت؟

ئەدیب عەلی: دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بەکەرتی پیشەسازی بدات تاکو ئابوری وڵات فرە چەشن بکرێتو تەنها پشت بە داهاتی نەوت نەبەسرێت، ئێستا لەم کارگەی مندا، بەدەیان گەنج کە دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانن کار دەکەنو بژێوی خۆیانو خێزانەکانیان دابین دەکەن، هیچ ئەرکێکیان لەسەر حکومەت نیە، تەنانەت لەبەر خاتری ئەو گەنجانەو ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بێت پێوستە حکومەت هاوکاریو پاڵپشتی زیاتر لەبەرهەمی ناوخۆیی بکات لەئێستادا گەنجان بەدەست نەبوونی هەلی کارەوە دەناڵێنن، ئەگەر حکومەت پشتیوانی کەرتی پیشەسازی نەکات ئەم کێشەیە گەورەتر دەبێت.

بازرگانیو پیشەسازی: گومرگ کێشەی بۆ دروست نەکردون؟

ئەدیب عەلی: ئێمە پێشتر لەم کارگەیە کارمەندی زیاترمان هەبوو، بەڵام بەهۆی هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکیو زیادکردنی کرێو ڕسوماتەوە ناچار بووین کارمەندەکانمان کەم بکەینەوە، بەداخەوە گومرگێکی زۆر ناخرێتە سەر بەرهەمی دەرەکی، لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستانو شاری سلێمانی چەندین کارگەی شیرەمەنی هەن، لەباشوورو ناوەڕاستی عێراق حکومەتی ناوەندی هاوردەکردنی بەرهەمی شیرەمەنی قەدەغەکردوە لەبەر پشتیوانی کردنی ئەو کارگانەی لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن، بەڵام لەمەرزەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بەرهەمی شیرەمەنی بەکەمترین گومرگ هاوردە دەکرێت.

بازرگانیو پیشەسازی: بەرهەمەکانتان تەنها لەناوخۆی هەرێم دەفرۆشن؟

ئەدیب عەلی: ئێمە بەرهەمەکانمان زیاتر لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێت، بەڵام کارگەی شیرەمەنی لەهەرێم هەیە بەرهەمەکانی تەنها لەناوەڕاستو باشوری عێراقدا دەفرۆشێت.

> گەنجان بەدەست نەبوونی هەلی کارەوە دەناڵێنن، ئەگەر حکومەت پشتیوانی کەرتی پیشەسازی نەکات ئەم کێشەیە گەورەتر دەبێت

هەڵەبجە لەبەرهەمی هەنارو روبەهەناردا لەئاستی کوردستانو عێراقدا پێشەنگە

زۆرترین بڕی روبەهەنار لەپارێزگای هەڵەبجە بەرهەم دێت

ئا: رێژەن سەردار

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەکات هەڵەبجە لەبەرهەمی هەنارو روبەهەناردا لەئاستی کوردستانو عێراقدا پێشەنگە، ئەو دەڵێت "ئەمساڵ بەرهەمی هەنار بەراورد بەساڵانی ڕابردوو لەسەدا ٥٠ کەمی کردوە، بەڵام کوالێتی لەساڵانی پێشوو زۆر بەرزترە".

ستار مەحمود، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند ساڵانە نزیکەی ٣٠ بۆ ٣٥ هەزار تۆن هەنار لەهەڵەبجە بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام ئەمساڵ بەرهەمی هەنار بەگوێرەی بەدواداچونەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ کەمترە لەنیوەی ساڵێکی ئاسایی، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرماو سۆڵەیەی لەزستانی ساڵی رابردوودا ڕووی لەم ناوچەیە کرد، لە سەرەتای وەرزی بەهاری رابردووش کاتێک درەختەکانی هەنار چرۆی کرد، پلەکانی گەرما بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزیو شەپۆلێکی سەرمای توند ڕووی لەناوچەی هەڵەبجەو هەورامان کرد، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی بەشێک لەباخەکان وشک بێت یان لاواز بێتو بەرهەمیان کەم بێت، ئەو وتی "بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی ئێمە ئەمساڵ بەرهەمی هەنار بەراورد بەساڵانی ڕابردوو لەسەدا ٥٠ کەمی کردوە، بەڵام کوالێتی هەناری ئەمساڵ بەراورد بەساڵانی پێشوو زۆر بەرزترە".

لەبارەی بڕی بەرهەمهێنانی هەنار لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە وتی "ئێمە بەگوێرەی ڕووبەری باخ کە ٩ هەزار دۆنمە خەملاندن دەکەین، کە بڕی ٣ تۆن هەنار لەهەر دۆنمێکدا بەرهەم دەهێنرێت، بەو پێیە ساڵانە نزیکەی ٣٠ بۆ ٣٥ هەزار تۆن هەنار لەهەڵەبجە بەرهەم دەهێنرێت، بەشێک لەم هەنارە کە پلە یەکە دەچێتە عەلوەکانی کوردستانو لەوێ ساغ دەبێتەوە، بەشێکی تری دەچێتە عەلوەکانی شارەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق، ئەو بەشەشی کە کوالێتی زۆر بەرز نیەو وەک دەڵێن ڕووی بازاڕی نیەو لایەکی سوتەڵە، دەکرێت بەشەربەتو روبەهەنارو دەفرۆشرێت".

وتیشی "ئەمساڵ هەندێک ناوچە لەهەڵەبجە بەتەواوی بەرهەمەکانیان کەم بوەتەوە، بۆیە پێشبینی دەکەین نزیکەی ١٢ بۆ ١٤ هەزار تۆن هەنار بەرهەم هاتبێت".

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە جەغتی لەوە کردەوە کە نزیکەی ٣ هەزار خێزان سودمەندن لەباخەکانی هەنار لەهەڵەبجەو گوندەکانی دەوروبەریدا، هەرچەندە هەموویان باخەکانیان ئابووری نییەو بچوکەو بەشی دابینکردنی بژێوی ژیانیان ناکاتو کاری دیکەی لەپاڵدا دەکەن، ئەو وتی "ئێمە کە ئامارەکان وەردەگرین ئەو کەسەی باخەکەی دوو دۆنمەو ئەوەی باخەکەی ٢٠ دۆنمە بە جوتیار هەژماری دەکەین، بەگوێرەی ئامارەکان نزیکەی ٣ هەزار جوتیار لەباخەکانی هەنار لەهەڵەبجە کار دەکەن".

لەبارەی بەبازاڕکردنی هەنارو روبەهەنار، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە وتی "ئێمە ئاگادارین کە هەناری هەڵەبجە، لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بڵاودەبێتەوەو دەخرێتە بازاڕەکانەوە، بەڵام هیچ زانیارییەکمان لەبەردەست نیە کە روبەهەنار هەناردەی دەرەوەی سلێمانی یان کوردستان بکرێت، لەبەرئەوەی ڕوبەهەنار لەناو خێزانەکانو بەشێوازی سەرەتاییو بەدەست بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە کۆکردنەوەی ئامار لەمبارەوە زۆر قورسە، فرۆشتنەکەشی لەڕێگای مارکێتو دوکانەکان دەبێت، بەڵام پشکی شێری روبەهەنار جوتیاران خۆیان دەیفرۆشن، لەبەرئەوە ناتوانین مەزەندەی بکەین چۆنو لەکوێ دەفرۆشرێت، لەئێستادا ژمارەیەک کارگەی تەکاندنو ئاوگرتنی هەنار لەهەڵەبجە دامەزراون، بەڵام ئەوان روبەهەنار دروست ناکەن، ئاوەکەی دەگرنو دەیدەنەوە جوتیاران، جوتیاران بەرێگا کلاسیکیو سەرەتاییەکە دەیکەن بەڕوبەهەنار".

وتیشی "زۆرترین بڕی روبەهەنار لەپارێزگای هەڵەبجە بەرهەم دێت، پێشبینی دەکەم بەرهەمی روبەهەناریش لەهەنار زیاتر بفرۆشرێت، لەبەرئەوەی مەگەر جوتیارێک زۆر لێزانو شارەزا بێت کە لەسەدا ٤٠ی هەناری باخەکە بەکەڵکی ئەوە بێت بەفرێشی بیفرۆشێت، چونکە بەشێکی زۆری هەنار بەکەڵکی فرۆشتن نایەتو دەکرێت بەڕوبەهەنار، ئەمە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان بەم شێوازەیە، ئەو هەنارانەی کە بچوکن یان لایەکی سوتەڵو رەش بووە دەکرێت بەڕوبەهەنار".

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە ئەوەی رونکردەوە هەڵەبجە لەبەرهەمی هەناردا پێشەنگە، بەڵام زەمینەی دروستکردنی باخی هەنار لەهەموو کوردستاندا لەبارە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لەهاویندا پلەی گەرمایان زۆر بەرزنابێتەوە، ئەو وتی "زیاتر لە ٢٤ جۆری هەنار لەهەڵەبجە بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام لەهەڵەبجە خواست لەسەر هەناری ساڵاخانی زۆرە بەپلەی یەکەم، بەپلەی دووەم خواست لەسەر هەناری وەندەرفوڵی ئەمریکییە، کە قەڵەمەکەی لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە هێنرایە کوردستانو لەئێستادا بڕێکی باشی لێچێنراوە، ئەم دوو جۆرە خواستێکی زۆری لەسەرەو هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەناری ئەمریکی زووتر پێدەگاتو توێکڵەکەی ئەستورترەو دەنکەکەشی نەرمترە، بەڵام هەناری ساڵەخانی درەنگتر پێدەگاتو دەنکەکەی رەقترەو توێکڵەکەشی کەمێک ناسکترە، بەڵام ئاوداترو بەتامترە لەهەموو جۆرەکانی تر".

لەبارەی نرخی هەناریشەوە، ئەو وتی "نرخ زیاتر لای بازرگانانی علوەکانە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین کیلۆی بەهەزار دینار تاکو ٢ هەزار دینار دەفرۆشرێت، بە گوێرەی جۆری هەنارەکە نرخەکە دەگۆڕێت، باشترین جۆری هەنار کیلۆی بە ٢ هەزار دینارە، حکومەتی هەرێم هەنگاوی زۆر باشی ناوە بۆ کردنی هەناری هەڵەبجە بەبراندێکی جیهانیو بڕیارە بڕێکی زۆر هەناری هەڵەبجە هەناردە بکرێت بۆ ئیماراتو ساڵانەش بەپشتیوانی حکومەتی هەرێم ڤیستیڤاڵی هەناری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت، بە بەردوامی لەهەوڵداین هەناری هەڵەبجە بکەینە براندێکی جیهانی".

> زیاتر لە ٢٤ جۆری هەنار لەهەڵەبجە بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام لەهەڵەبجە خواست لەسەر هەناری ساڵاخانی زۆرە بەپلەی یەکەم، بەپلەی دووەم خواست لەسەر هەناری وەندەرفوڵی ئەمریکییە

٩٠٠ کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی مایەپووچ بوون زۆربەیان لەسلێمانین

٨٧٣ پرۆژە لەپارێزگای سلێمانی ڕاگیراون و ٧٥٪ی بەڵێندەرانیش مایەپووچ بوون

ئا: زریان محەمەد

بەڵێندەران لەشاری سلێمانی لەڕێگەی داواکارییەکەوە تەواوی ڕێکخراوەکانو ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ئاگادار دەکەنەوە کە پشتیوانیان بکەن لەو کێشەو گرفتانەی هەیانە تا بتوانن بەهاوکاری هەموان کاری بەڵێندەران بکەوێتەوە سەرپێی خۆیو لەمەترسی مایەپووچ بوون ڕزگاریان ببێت.

بڵند جوامێر، بەڕێوەبەری کارگێڕی لقی سلێمانی یەکێتی بەڵێندەران بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند "هەموو لایەک ئاگادارن، بەڵێندەران لەکوردستاندا زیاتر لەهەشت ساڵە کارو پرۆژەو پێشینەی پرۆژەکانیان ڕاگیراوە، بێ بوونی هیچ پاساوێکی گونجاو، بڕێکی بەرچاوی پارەی پرۆژە جێبەجێکراوو تەنانەت نوێیەکانیشیان لەبانکەکاندا دەستی بەسەردا گیراوە، وەزارەتەکان بەپێی ناوەڕۆکی گرێبەستەکان مامەڵە لەگەڵ هیچ کەیسێکی بەڵێندەراندا ناکەن، کە بێگومان ئەمە پێشێلکارییەکی بەرچاوی ناوەڕۆکی گرێبەستی پرۆژەکانە لەلایەکو پێچەوانەی یاساو مەرجە گشتییەکانی بەڵێندەرایەتییشە لەلایەکی ترەوە، حکومەت بەبیانووی نەبوونی پارەو نەختینەوە، مافی ڕەوای ئەو توێژە چالاکو گرنگەی کۆمەڵگەی پشتگوێ خستووەو ڕۆڵی لەئابوری وڵاتدا بەتەواوی ئیفلیج کردوە".

راشیگەیاند "وەکنوێنەرانی بەڵێندەران، پێمان وایە ئەم هەڵسوکەوتەی حکومەت بەتەنها بەڵێندەرانی توشی مایەپووچیو کێشە نەکردۆتەوە، بەڵکو تێکڕای کەرتە ئابووریو بازرگانیەکانی وڵاتەکەمانی ڕووبەڕووی کێشەی جدی کردۆتەوە، ناڕاستەوخۆش کاریگەری نەرێنی زۆر خراپی لەسەر جوڵەی بازاڕو دەرامەتی کاسبکارانو تێکڕای چینو توێژەکانی کۆمەڵکەمان جێهێشتووە لەهەمانکاتیشدا پێمانوایە سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان بەتێکڕا، تەواوی چینو توێژی کاسبکاران بەشێوەیەک لەشێوەکان کەوتونەتە بەر بڕیاری نادادپەروەرانەی لەم شێوەیەو بەداخەوە تا ئێستاش دەسەڵاتی دادوەری نەیتوانیوە لەم ڕووەوە هەڵوێستێکی شیاوو شایستە نیشان بدا".

ئاماژەی بەوەش دا "ئێمە لەیەکێتی بەڵێندەران، پێمانوایە یەکدەنگیو هەماهەنگی تێکڕای ڕێکخراوو سەندیکاکان تەنها ڕێگای شارستانیانەی کاریگەرە بۆ ڕێگرتن لەپێشێلکاریەکانو گێڕانەوەی مافی پشتگوێخراوی هەر یەکێک لەسەندیکاکانمان یان لانیکەم بۆ ڕ□اگرتنی دۆخی نەخوازراومان کە تا ئێستاش لایەنە پەیوەندیدارەکان درێژەی پێدەدەن، لەبەر ئەو هۆکارانەو لەپێناو دامەزراندنی هەماهەنگی ئێستاو داهاتووی نێوان ئەو چینو توێژانەی نوێنەرایەتیتان دەکەین داوا لەسەرجەم ڕێکخراوە پیشەییو سەندیکاو ڕێکخراوە مەدەنیەکان دەکەین پشتیوانی لەداوا ڕەواکانمان بکەن لەهەر بەیانامەو ڕێگاو کارێکی مەدەنیانە کە لەئێستا و داهاتوودا دەیگرینەبەر ، لەپێناو دانانی سنورێک بۆ ئەو پێشێلکاریانەی بەرانبەرمان دەکرێت".

بەپێی ئەو ئامارانەی یەکێتی وەبەرهێنەران بڵاوی کردۆتەوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ٩٠٠ کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی مایەپووچ بوون کە بەپلەی یەکەم لەسلێمانیین، دووەم هەولێرو سێیەم دهۆک. هەروەها ٧٠٠ کۆمپانیای دیکە لەلێواری مایەپووچبووندان، چونکە پارەیان لای حکومەتەو پێیاننادرێتەوە.

بەڵێندەران ماوەیەکی زۆرە گرفتی کەمی پارەیان هەیە، ئەمەش دوای ئەوەی قەیرانی دارایی لەهەرێمی کوردستان دروست بوو، پارەی پرۆژەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن حکومەتەوە دواکەوت. بەڵێندەرانی سلێمانی پێیانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاوازی کردوە لەپێدانی پارە بە بەڵێندەرانی شارەکان بۆ هەندێ شارو ناوچە پارەیەکی زۆرتری خەرج کردوە بۆ هەندێکی دیکەش بەپێچەوانەوە.

لەماوەی رابردوشدا لیژنەی بەدواداچونی کێشەکانی بەڵێندەران ڕایانگەیاند کە نۆ ساڵە پارەکانیان لەبانکەکانی هەرێمی کوردستان دەستیان بەسەرداگیراوەو بەوهۆیەشەوە ٨٧٣ پرۆژە لەپارێزگای سلێمانی ڕاگیراون و ٧٥٪ی بەڵێندەرانیش مایەپووچ بوون، کە ژمارەیان ٩٢٠ بەڵێندەرە.

لیژنەکە راشیگەیاند لەسنوری پارێزگای سلێمانی بەدیاریکراوی، بیانوی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لهساڵانی پێشوودا سەرهەڵدانی شەڕی داعشو کەمی نەختینە لەبانکەکانو سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆناو دابەزینی نرخی نەوتو نەناردنی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێم لەلایەن بەغداوە بوو، کە لەئێستاشدا هیچ کام لەو هۆکارانە بونیان نەماوە.

هەروەها لیژنەی بەدواداچونی کێشەکانی بەڵێندەران ئاماژەی بەوە کرد "بەرامبەر بەو بێباکییەی کە حکومەتی دەیکات لەگەڵماندا بەراشکاوانە رایدەگەیەنین کە پاساوی حکومەت بۆ پێنەدانی پارەو راگرتنی پێشینەی پرۆژەکانو راگرتنی تەمویلی پرۆژەکانو راگرتنی بارمتەی یاساییو کارنەکردن بەچەکی بەڵێندەران کە تەنانەت لەدامودەزگا حکومییەکان کاری پێناکرێت، لەکاتێکدا کە بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی داراییو ئابوری کە چەکی پەسەندکراوی بەڵێندەر کاری پێبکرێت بەرامبەر بەو پابەندبونانەی کە لەسەریانە، کارنەکردن بەو چەکانە بە ئاماژەیەکی مەترسیدار بۆ بازاڕ دەبینن کە ئاماژەیەکی بێباکی ئەم حکومەتەیە بەرامبەریان و بەهیچ شێوەیەکی جێگەی باوەڕنیە و چیتر توێژێکی گرنگی وەکو بەڵێندەران پشتگوێ نەخات کە کۆڵەکەی ئاوەدانی نیشتیمانە ".

> لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ٩٠٠ کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی مایەپووچ بوون کە بەپلەی یەکەم لەسلێمانیین، ٧٠٠ کۆمپانیای دیکەش لەلێواری مایەپووچبووندان، چونکە پارەیان لای حکومەتەو پێیاننادرێتەوە

سلێمانی خوازیارە بەپێشەنگی بمێنێتەوە

ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

ئەم ڕۆژانە ٢٣٨ ساڵ بەسەر دروستکردنی سلێمانیدا تێدەپەڕێت، شارێک کە بەدەستی کورد خۆیو بەمەبەستی کردنی بەپایتەخت دروستکراوەو لەوەتەی هەیە لەچەندین بواری گرنگدا پێشەنگو داهێنەر بووەو خوازیاریشە هەر بەپێشەنگی بمێنێتەوە.

ڕاستییەک کە ناکرێ دۆستو دوژمن چاوپۆشی لێبکەن ئەوەیە سلێمانی هەر لەسەرەتای دروستکردنیەوە خەڵکێکی کردەو کارامەو دەستڕەنگین لەسەر داوای میرەکانی بابان ڕویانتێکردوەو لەماوەیەکی کەمدا بووەتە مەڵبەندی ئەدەبو کلتورو داهێنانی شارستانیو خوێندەواریو ئاستێکی بەرزی پیشەگەریو لەمێژووی کوردستاندا ئەم شارە درەوشاوەتەوە.

زۆرن ژمارەی ئەو مرۆڤە گەورانەی لەم شارەدا هەڵکەوتنو گەشەیان بەزمانی کوردی داو ئەدەبو مێژووی کوردییان بەزیندوێتی هێشتەوەو بوونە پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری کوردیو دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، یەکەم ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی، یەکەم کورتە چیرۆکی کوردی، یەکەم گروپی شانۆیی کوردی، یەکەم حیزبی سیاسی کوردی، یەکەم تەقەی شۆڕشو ڕاپەڕینی کورد، کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کچان لەکوردستانو یەکەمین زانکۆو یەکەمین یانەی وەرزشیو یەکەمین کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانو هێنانی یەکەم ئامێری موزیکی کەمانو دامەزراندنی یەکەم تیپی هونەریی کوردی، لەسەر دەستی خەڵکی ئەم شارە کرا بەواقیعێکی بەردەست.

یەکەمین گروپی خوێندکار کە لەباشوری کوردستانەوە بۆ خوێندن روویان کردە ئەستەنبولی پایتەختی عوسمانییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەنجانی سلێمانی بوون، بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتیش ئەوەی نوێنەرایەتی کوردی کرد لەپایتەختی عێراقداو وەک پێگەی بەهێزی کورد لەحکومەتی ناوەندی بەغدا دەرکەوتن، خەڵکی کارامەو بەئەمەکی ئەم شارە زیندووە بوون.

سلێمانی لەمێژووی خۆیدا، لەچەندین بواری گرنگی دیکەی ژیانو خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا هەمیشە ڕادیکاڵو نوێخوازو داهێنەرو دەستپێشخەرو ڕەچەشکێن بووەو کەس نەیتوانیوە پەراوێزی بخاو نادیدەی بگرێت، شارێک بەم ڕابردووە بەهێزەوە حەیف نییە لەئایندەشدا بەپێشەنگی نەمێنێتەوە؟! سلێمانی ئەگەر بەهۆی چەندین فاکتەری جیاوازەوە لەڕووی ئاوەدانیو شەقامو ڕێگەوبانو تەنانەت ئابوریشەوە بەراورد بەپێشترو بەشارەکانی تر پاشەکشەی کردبێت، ئەوا لەڕووی کلتوریو داهێنانی ئەدەبیو ڕۆشنبیرییەوە هێشتا پێشەنگی خۆی لەدەست نەداوەو تا ئێستا سلێمانی لەڕووی کلتورییەوە بەئەندازەیەک بەهێزەو ئەوەندە توانای مرۆیی زۆرو زەبەندە کە دامەزراوەو دامودەزگای شارەکانی دیکە بۆ مانەوەو بەردەوام بوونی خۆیان، پشتی پێدەبەستن.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سلێمانی دەتوانێت هەر بەپێشەنگی بمێنێتەوە؟!

بەدڵنیاییی سلێمانی خاوەنی پاشخانێکی ئەدەبیو ڕۆشنبیریو کلتوری ئەوەندە بەهێزو نوێخوازو یاخیو ڕەچەشکێنە، کە لەبەرهەمهێنانی کلتورو دەقی ئەدەبی ناوازەو ڕوناکبیرییو نوێگەریدا پەکی ناکەوێت.

بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش سلێمانی پێویستی بەسەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیە، ڕێکخستنەوەی هەموو بوارەکانی ژیان، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کە جیهانگیرییو تۆڕەکانی سۆشیال میدیاو کێشمەکێشە سیاسییەکانی ناوخۆو دەرەکیو شەپۆلەکانی ئاوارەبوونی مرۆیی بەوپەڕی هێزو بێڕەحمییەوە خۆیان فڕێداوەتە ئەم وڵاتەوەو خەریکە هەموو جوانییەکانی دەهاڕن، وا دەخوازێ بەرپرسانی ئەم شارەو ئەوانەی خۆیان بەخاوەنی دەزانن لەئاستی پێویستییەکانی ئەم قۆناغەدا بنو بەوریاییو بەرپرسانە کار بۆ بەردەوام بوونی پێشەنگیی سلێمانیو بەهەموو لایەک گەشە بەتوانا مرۆییەکانی بدەن.

لەم چوارچێوەیەشدا ئەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە کۆڵەکەی بەهێزی هەر پێشکەوتنو بەهێزییەک، بەهێزکردنی ئابورییە، گەشەی ئابوریو خۆشگوزەرانیو ئاستێکی گونجاوی بژێویی ژیان، دەرگا بەڕووی گەشەی مرۆییو چالاکترکردنی بوارە کلتورییەکاندا دەکاتەوەو سلێمانیش زیاتر بەپێشەنگی دەهێڵێتەوە.

بودجە

شەن جەزا کەریم

دیارە زۆرمان ئەم وشەیەمان بەرگوێ کەوتوە بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچین پێویستە شتێکی لەبارەوە بزانین، مەبەست لەبودجە ئەو پلانە داراییەیە کە هەمو دامەزراوەیەک کە مامەڵەی داهاتو خەرجی هەبێت، مەرجە ڕێکیبخات ساڵانە وەک پلان دایبنێت، ئەگەری کورتهێنانو زیادەش لەبەرچاو بگرێت، کەواتە بودجە تایبەت نیە تەنها بەحکومەتەوە، بەڵکو هەمو دامەزراوەیەک یان کۆمپانیایەک کە ساڵانە پێش پاکتاو کردنی حساباتی کۆتایی ساڵ، ئەبێت پلان ئامادەبکات خەمڵاندن بکات بۆ داهاتەکانی ساڵی داهاتوو لیستی خەرجیەکان لەسەر ئەو خەمڵاندنەی کە بۆ داهاتی کردوە ڕێکبخات.

هەنگاوی یەکەم لەدانانی بودجەدا زانینو ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی داهاتە. بەپێی ئەم خاڵبەندیە، لێرەدا مەبەست لەبودجەی گشتییە.

١ـ سامانە سروشتیەکان کە پێکدێت لە دوو بەش:

آ/ سامانی ژێرزەوی وەک نەوتو کانزاکان.

ب/ سامانی سەرزەوی وەک ئەو چاڵگانەی کە ناکانزایینو لەڕوپۆشی سەرەوەی زەویدان، وەک کانی بەرد، خوێو کبریت، فۆسفاتو هەندێ جۆری تر.

٢/ داهاتی ناوخۆ، وەک ئەو خزمەتگوزاریانەی دامەزراوەکانی حکومەت پێشکەشی هاوڵاتی ئەکات بەرامبەر بەبڕە پارەیەک وەک ئاو، کارەبا، گازی سوتەمەنیو گشت سوتەمەنیەکانی تر، کە ئەبێت قازانج بەدەستبێنێت، هەروەها باج، گومرکو ترانزێت، وەرگرتنەوەی قەرز ئەگەر حکومەتێک قەرزی دابێت بەسندوقی دراوی نێودەوڵەتی.

کرێ بۆ ئەو حکومەتانەی خاوەن موڵکن زۆرێک لەموڵکەکانیان دراون بەکرێ، وەک موڵکی شارەوانیو خۆجێیەتی.

٣ـ گەشتوگوزار: خەمڵاندنی کەرتی گەشتوگوزارو داهاتەکەی کە بەپێی ئەو خەملاندنە باج وەرئەگیرێت ئەچێتە سەر داهات لەبودجەدا خانەی تایبەتی خۆی هەیە.

لەهەمانکاتدا پێویستە ڕەچاوی دابەزینو بەرزبونەوەی دراوی قورسو بۆرسەی جیهانیش بکرێت خەمڵاندنی داهاتدا.

کاتێک ئەم خەملاندنانە ئەبنە ژمارەو بەرچاوڕونی ئەدا بەلایەنی پەیوەندیدار، لەسەر ڕۆشنایی ئەو ژمارانە دابەش ئەکرێت بەسەر وەزارەتەکاندا، وەک ئەوەی لەبودجەی ساڵی داهاتودا پێویستمان بەچەند پارەیە بۆ ڕێگاوبان، چەندمان ئەوێت بۆ کەرتی پەروەردەو چەند بۆ کەرتی تەندروستی، بەوجۆرە بۆ گشت وەزارەت دامەزراوەکان، لەم حاڵەتەدا پسپۆڕانی ئابوری خشتەیەک ئامادە ئەکەن، پێویستییەکان خاڵبەند ئەکەن بەپێی پێویستییە بەپەلەکان، پاشان پێویستیەکانی تر.

هەروەها بودجەیەک دائەنرێت بۆ یەدەگ، بۆ نمونە کارەساتی نەخوزراوی وەک لافاو، ئاگرکەوتنەوە، زەمین لەرزە، یان پەتایەک وەک کۆرۆنا یاخود هەر کارەساتێکی تری نەخوازراو لەدوای ئامادەکردن کە ئەبێتە ژمارەیەک، ئەوکات پلان دائەنرێت بۆ خەرجکردنی داهات بەپێی پێداویستەکان هەر وەزارەتە یان دامەزراوەیەک بەپێی داهاتی بەردەست پشکی بۆ دیاری ئەکرێت، لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەمە پلانە ئەرکی حکومەتە کە ساڵانە پێش هاتنی سەری ساڵی ئابوری (السنة المالية) ئەبێت ئامادە بکرێت، بخرێتە کارنامەی پەرلەمانەوە بۆ پەسەند کردنو ئەوکات بۆ بەردەم سەرۆکی کۆمار یاخود سەرۆکی دەوڵەت کە مافی پەسەند کردنی کۆتایی لەدەستدایە.

ئەوەی باسکرا سەربوردەیەکە بۆ بەرچاوڕونیو تێگەیشتن لەبودجە، هەرچەندە بەهەمان شێوە بۆ دامەزراوەکانی تری دەوڵەتو تەنانەت کەرتی تایبەتیش بەهەمانشێوە پێویستە پلانی بودجەی ساڵانە دابنرێت، لەزۆر کاتدا ئەگەر خێزانیش بیەوێت کە تووشی کورتهێنان نەبێت، ئەوا دروستە کە پلانی بۆ بودجە هەبێت تا ژیانی ڕۆژانەی ڕێکبخات.

کاریگەری توانەوەی بەستەڵەکی هەردوو جەمسەرەکەی گۆی زەوی لەسەر ژینگەی جیهان

وەسفی خەلیل ئیسماعیل

زۆرجار سەرقاڵی ڕوژانە وامان لێدەکات خۆمان بەتاکی کۆمەڵگای مروڤایەتی نەزانینو زۆر گرنگی بەئایندەی ئەم هەسارەیە نەدەین، بیریش لەوە نەکەینەوە لەداهاتوودا چی بەسەردێت، بەلای کەمەوە با لەڕوانگەی فزولیەتیشەوە بێت لەم بابەتە تێبگەین، هەرچەندە ئەم دیاردەیە نامۆ نیە لە ٣٤ملیۆن ساڵ پێش ئێستاش ڕویداوە، دیارە توانەوەی بەفری هەردوو جەمسەری زەوی دوو جۆر ئاکاری نەرێنی هەیە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

ڕاستە هەردوو ناوچەکە بەهەزاران کیلۆمەتر لەئێمەوە دورن، ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێکی تری مێژووی زەوی لەمەترسیدایە نەک لەبەر هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوەکی، بەڵکو لەبەر دەرهاوشتەی پیسبونی ژینگەو بەرزبونی پلەی گەرمای زەوی. لەم بابەتەدا زیاتر جەخت دەکەینە سەر توانەوەی بەفری ئەم دوو ناوچە گرنگە.

تا ڕادەیەک تا پیش سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، بەتایبەت دوای ئەوەی هەندێ وڵات زیاتر خەریکی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بوون، بێ گوێدان بەپاکی ژینگە، بەتایبەت وڵاتە زلهیزەکان. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت وڵاتانی تر بێبەرین لەسەرهەڵدانی ئەم کارە درێوە، لەوانەشە ئێمە لەئاستی ئەوان نەبین بەڵام بەبێ ئاگایانە ئاو ئەکەینە ئەو ئاشاوە، بۆ نمونە ئەگەر بەراوردی ئەو ئۆتومبێلانەی لەمڕۆدا لەسەر شەقامو ڕیگاوبانەکان دەسوڕێنەوە نەک چەندین ئەوەندە زیادی کردوە بەراورد بەسەدەی پێشوو، بەڵکو زۆربەیان لەو جۆرانەن کە بەڕێژەی بەرچاو ڕوڵیان هەیە لەزیاد کردنی ڕێژەی گازە گەرمکەرەوەکانی زەوی بەتایبەت دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادا، هەروەها زۆربەی باڵەخانەکان لەکاتی دروستکردنی ئەو مەوادانەی تییدا بەکاردێت نەک دۆستی ژینگە نین، بگرە دوژمنی سەرسەختی ژینگەن، نەزستان گەرمی گلدەداتەوە نەلەهاوینیش پارێزگاری لەفێنکی دەکات. لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت ئێمەش بەشدارین لەبەرزکردنی پلەی گەرمی کە هۆکاری سەرەکیە لەتوانەوەی بەفری سەرزەوی بەجەمسەرەکانەوە.

سەرەتا با گەشتێک بکەین بەمێژوی دروستبونو کەڵەکەبونی ئەو بەفرە زۆرەی هەردو جەمسەرەکە، هەرچەندە لەڕوی پێکهاتەوە جیاوازن چونکە ئەوەی چەمسەری باکور زیاتر سەهۆڵە بۆیە پێیدەوترێ دەریای بەستوی باکور، هەرچەندە ئەوەی باشور بەفری کەڵەکەبووی دەیان هەزار ساڵە لەزەویەک کە پێدەوتری کیشوەری (ئەنتارکتیکا)، لەم ڕووەوە بەهۆی ئەو پاشماوە بەبەردبونەو زیندەوەرانە لەدووتوێی ئەو بەفرە ماوە ئەوەمان پێدەڵێن کەڵەکەبونی دەگەڕێتەوە بۆ دەیانو بگرە سەدان هەزار ساڵ پێش ئێستا. زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە هۆی سەرەکی دەگەڕیتەوە بۆ چەرخی سەهۆڵبەندانو کۆتایی دواهەمینیان دەگەڕیتەوە بۆ ١٤ هەزارو ٦٠٠ ساڵ پیش ئێستا، دیارە زۆر جار هۆی سەرەکی دابەزینی پلەی گەرمی سەر زەوی نەزانراوە، بەڵام زانایان ڕۆڵی توانەوی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەئاوی دەریاکان بەهۆیەکی سەرەکی ئەزانن، ئەمەش کارێکی ئاڵۆزە هێشتا زانایان شیکردنەوەی زانستیان بەوردی بۆ نەکردوە. کەواتە لەو سەردەمە هۆکاری سروشتی ڕۆڵی بینیوە لەسەرهەڵدانی چەرخی سەهۆڵبەندان لەکۆتایی ئەو چەرخەو بەهۆی توانەوەی توێژاڵە سەهۆڵیەکانو ئاستی دەریا ١٨ مەتر بەرزبوەتەوە، ئەوەیشیان ناوناوە بە (بولقدانی ئاوی تواوەی E یەک).

با بزانین مەترسییەکانی توانەوەی سەهۆڵی جەمسەرەکان ئاکامە نەرینیەکانی چین:

١/ کەمبونی ئاوی شیرینی سەر زەوی، چونکە بەتوانەوەی بەفری هەردوو جەمسەرەکە ڕاستەوخو تێکەڵ دەبێت بەئاوی سوێری دەریا.

٢/ بەرزبونی ئاستی ئاوی دەریا، ئەمەیش دەبێتە هۆی نوقومبونی چەندین دورگەو شاری گەورە، لەوانە شاری ڤینسیا لەئیتالیاو کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک، نیویۆرکو سانفرانسیسکۆ لەئەمریکا، هەروەها ڕۆژهەڵاتی چین کە جێگای ژیانی زیاتر لە ٦٠٠ ملیۆن کەسە، بەپێی پێشبینی زانایان ئەم کارەساتە تا ساڵی ٢١٠٠ ڕودەدات.

٣/ کۆچکردنی ملیۆنەها خەڵک لەو ناوچانەی کە ئاو دایدەپوشێ، بەوەش قەیرانی دیمۆگرافی دروست دەکات.

٤/ سەرهەڵدانی لافاو ئەمەش بەهەمانشێوە کێشە بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە دروست دەکات لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ماڵویرانی وەکو ئەوەی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەدیدەکرێت، بەتایبەت بەنگلادیشو پاکستان.

٥/ بەبیابانبونی زۆرێک لە ناوچەکان، دیسان ئەمەش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە، هۆکارێکە بۆ کۆچکردن، ئەوەی ئێستا بەڕونی لەباکوری ئەفەریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیو عێراق بەتایبەتی بەباشوری هەرێمی کوردستانیشەوە بەدی دەکرێت.

٦/ کەم بوونی ئاو لەهەندی ناوچە بەتایبەت ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی ئاویان هاوبەشە، بۆ نمونە عێراقو سوریاو تورکیا، کە ڕوباری فورات ڕوبارێکی هاوبەشە لەنێوانیان، بەهەمانشیوە وڵاتانی سەر ڕوباڕی نیل لەبەر نادادی لەدابەشکردنی پشکی ئاو دوور نیە ببێتە مایەی هەڵکیرسانی ئاڵۆزیو جەنگ.

٧/ بەهۆی بوونی بڕێکی زور لەگازی دووەم ئۆکسیدی کاربون لەسەهۆڵی هەردوو جەمسەرەکە، بەتوانەوەی سەهۆڵەکانیان دیسانەوە بڵاودەبێیتەوە لەسەرزەوی کە مەزەندە دەکرێت بە دوو ئەوەندەی ئەو دووەم ئۆکسید کاربۆنەی ئێستا لەسەر زەوییە یان سێ ئەوەندەی ئەو بڕەی لەساڵی ١٨٥٠ بڵاوبێوە لەسەر زەوی، ئەمەش ئەوەندەی تر پلەی گەرمی زیاد دەکات.

٨/ بەهۆی ئەوەی زەوی بەسەردەمانی جیاجیای بڵاوبونەوەی نەخۆشەیە درمیەکان تێپەڕیوە دوور نیە هۆکاری ئەو نەخۆشیانە (ڤایروس، بەکتریا، کەڕو) لەناو ئەو سەهۆڵانە مابن بەبۆچونی زانایان دیسانەوە بڵاوببنەوە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی ئەوجۆرە نەخۆشیانە.

ئەی ئەم هەموو کارەساتانە ڕوبەڕوی ئایندەی کومەڵگای مروڤایەتی دەبیتەوە چارەسەرەکەی چیە؟

پیشتریش وتمان هۆکاری سروشتی ڕوڵی هەیە لەگۆڕانکاریی ئاووهەوا، بیگومان ئەوە بەدەرە لەدەسەڵاتی مرۆڤ، بەڵام بەپێی بۆچونی زانایان ئەمەی ئەمجارەیان ڕودەدات بەراستەوخۆ ڕۆڵی مرۆڤی تێدایە، دەبێت مرۆڤ چی بکات وەکو گیانلەبەرێکی خاوەن هزری سەر ئەم هەسارەیە بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بکات لەم قەیرانە ژینگەییە مەترسیدارە:

١/ دامرکاندنەوەی هەموو گرژیەکی سەرزەوی هەر لەجەنگی ساردو جەنگی گەرم، لەوانەیە نەک نەبێتە مایەی ڕێگری لەتوانەوەی سەهۆڵی جەمسەرەکان، بگرە دەبێتە هۆی لەناوچونی پێشوەختی مرۆڤایەتی، بەلایکەمەوە دەبیتە ڕێگر لەهەماهەنگی لەنێوان وڵاتان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاریشەیە.

٢/ وڵاتانی دەوڵەمەند چ هەشت وڵاتەکە یان بیست وڵاتە هەرە دولەمەندەکانی جیهان بەرنامەی هاوکاری دابنێن بۆ پاڵپشتی وڵاتە هەژارەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان جێبەجێ بکەن بۆ دابەزینی پلەی گەرمی زەوی بۆ ئاستی پێشوو.

٣/ دەست هەڵگرتن لەبەکارهێنانی هەموو جۆرە وزەیەک کە دەبیتە مایەی بەرزبونەوەی پلەی گەرمیو بەکارهێنانی وزەی پاک.

٤/ دادپەروەری لەدابەشکردنی ئاوە هاوبەشەکان، ئەوەش بەسازدانی کۆڕو کۆبونەوەی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان.

ئێمەی کورد لەچوارچێوەی عێراق دەبێت چیبکەین؟

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەوە دەستپێدەکات ئەویش هەماهەنگی لەنێوان هەردوو حکومەت، یەکەم بۆ دانانی ڕێگەچارەی ناوخۆیی، دووەم بۆ دانانی ستراتیجیەکی هاوبەش بۆ نەخشەڕێگایەک بۆ دابین کردنی بەشە ئاوی خۆمان لەو ڕوبەرە هاوبەشانە کە لەنێوانماندا هەیە بەسوودوەرگرتن لەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیانەی لەنێوانمان پێشتر مۆرکراوە، بەوەش دەتوانین دەرهاویشتەکانی توانەوەی سەهۆڵی هەردوو جەمسەر کەم بکەینەوە لەسەرخۆمانو ناوچەکە.

دلاوەر عەلی سۆفی

کۆیلە

مێژووی کۆیلایەتی ئەوەندە کۆنە لەنیشتەجێبونی مرۆڤەوە لەسەر زەوی بونی هەیە، لەدە هەزار ساڵ پیش ئێستاوە لەئەفریقا بازرگانی بەمرۆڤەوە کراوە، لەئیمبراتۆریەتی ڕۆماشەوە لەساڵی ٧١ پ.ز دا کە بەسەردەمی شۆڕشی سپارتاکۆس ئەناسرێ، مرۆڤ بۆ ڕزگاربونی لەکۆیلایەتی شۆڕشی بەرپاکرد تا هاتنە کایەی ئایینەکان، کە تا ئەمڕۆش بەجۆرێک لەجۆرەکان بونی هەیە.

ئەتوانین بڵێین بازرگانی کردن بەکۆیلە بوە بەبازرگانیەکی قێزەون، لەسیەکانی سەدەی ڕابردودا گەورە ئەکتەری کۆمیدیا (شارلی شاپلن) لەفلمی کاتە مۆدێرنەکاندا (modern times) ئەو بابەتەی بەرجەستە کردوە، کە چۆن سیستمی سەرمایەداری بەداهێنانی ئامێری نوێ مرۆڤ ئەکات بەکۆیلەو وەک بەشێک لەئامێرەکان لێی ئەڕوانێت، بەڵام ئەوەی کە لەهەموی نەهامەتیترە ئەوەیە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەدەستو ویستی خۆی خۆی کردەوتە کۆیلە، کۆیلەی تەکنۆلۆژیای سەردەم، کۆیلەی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان، بە تایبەت ئامێری تەلەفۆنی زیرەک (smartphone) هەموان باش هەست بەوە دەکەین کە دیاردەی مۆبایلی زیرەک سەرجەم مرۆڤایەتی گرتۆتەوە بوە بە بەشێک لەژیانی ڕۆژانە، دیارە لەگەڵ باشیەکانیدا لایەنە نەرێنیەکانیشی کەم نین، وەک کێشە کۆمەڵایەتیەکان، جوڵەی کەم کە کاریگەری نێگیتڤی زۆری هەیە لەسەر لایەنی تەندروستی، خاوبونەوی مرۆڤو کەم بونی چالاکی.

ئەوەی لێرەدا من ئەمەوێت لێی بدوێم ئەوەیە ئەبێت ئەوە باش بزانین هەمو ئەو مۆبایلانەی کە ئیستا بەدەستمانەوەیە خۆی لەخۆیدا ئامێرێکە بۆ چاودێری کردنمان، هەرچەندە کۆمپانیا گەورەکانی ئەو بوارە بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە گوایە نهێنیەکان ئەپارێزن، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە، زۆرجار ئەبینین لەڕێگەی ئایکۆنێکەوە زانیاریەک دێتە سەر سکرینو پێمان ئەڵێت چالاکی ئەم هەفتەیەت بەم جۆرە بوە، ئەوەندە کیلۆمەتر یان ئەوەندە هەنگاو ڕۆشتویت، سەردانی ئەم شوینانەت کردوە، تەنانەت هەندێجار پێمانئەڵێت لەفلانە شوێن ئەوەندە چرکەش ماوینەتەوە.

بەهەمان شێوە بێئەوەی بەخۆمان بزانین هیچ وێنەیەک یان دۆسیەیەک یان زانیاریەک کە لەتەلەفۆنەکەماندا هەڵمانگرتوە پارێزراو نیە، کەواتە ئاساییە کە زۆر بەباشی وێنەشمان بگرێتو گوێشی لەهەمو ئاخاوتنو قسەکانیشمان بێت، ڕاستە مۆبایل ئامێرێکی پێشکەوتوی سەردەمە، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە چۆنو بۆچیو کەی بەکاریدەهێنین، خۆمان لەئالودەبون بەمۆبایل بپارێزین لەلێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتوە ژاپۆنیەکان کەمترین کاتیان بەمۆبایلو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانو ئەو بەرنامانەوە بەسەرئەبەن، گەلێکن لەداهێنانو کارکردندا کەم وێنەن. گەر لایەنێکی پسپۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات دەرئەکەوێ کە داهێنان لەلای ئەو گەلانەی وەک ئێمەن بەرەو پوکانەوە ئەڕوات، گەنجەکانمان پشتیان بەرەو کۆمانەوە ئەچێت، چەندین دیاردەی نەخوازراوی تریش، وەک دوورکەوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، خۆبەدورگرتن لەیەکتر بینینی ڕاستەوخۆ، بۆیە ئەرکی دایکانو باوکانو خوێندنگەو قوتابخانەکانیشە کە ڕێپیشاندەربن بۆ کەم کردنەوەی بەکارهێنانی مۆبایل، ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە بەلێکۆڵینەوەی زانستی بەدەستخستنی پلانو بەرنامەی تایبەتو هاوکاری زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان پلانو بەرنامەی تۆکمەو بەهێز دابنرێ بکرێتە وانەو خوێندن تا نەوەکانی داهاتومان ئالودەی ئەو دیاردەو ئامێرانە نەبنو نەبنە کۆیلەی ئایپادو مۆبایل بەڵکو بەکارهێنانەکانی بەشێوازی زانستیو بەسود بێت، ئەبێت ئەوە باش بزانین کە هەر میللەتیک بەرهەمی نەبێت نەتوانێت پیداویستیەکانی خۆی دابین بکات، داهێنەر نەبێت بەردەوام کێشەو قەیران بەرۆکی بەرنادەن، کەواتە با بەدەستی خۆمان خۆمان نەکەین بەکۆیلەی ئامێرە ئەلکترۆنیەکانو مۆبایلی زیرەک، با ئامێرەکان کۆیلەی ئێمە بن.

خاوەنی ئیمتیاز
ژووری بازرگانیو
پیشەسازی سلێمانی

سەرنوسەر
ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

جێگری سەرنوسەر
دلاوەر عەلی سۆفی

بەڕێوەبەری نووسین
یاسین ڕەحیم فەرەج

سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی
سەردار محەمەد

دیزاین
عادل عومەر

سلێمانی حەزی لە"دەڵەمە"یە

ئا: ڕێژەن سەردار

دەڵەمە، جۆرە شیرەمەنییەکە کە لەشیری کەم چەوریو بێ شەکر ئامادەکرێتو بەدۆشاوی ترێ یان دۆشاوی خورماوە دەخورێت، لەدو شوێنی ناو بازاڕی شاری سلیمانیدا، دوو برا ماوەی ٢٥ ساڵە دەڵەمە دەفرۆشن.

هەموو دەمەو ئێوارانێک بەدرێژایی ساڵ، لەو خوار سینەما سیروانی جارانەوە، کامەران لەسەر عەرەبانەیەکی سپی چەند سینە دەڵەمەیەکی پڕ لەقاپی بچوکدا لەسەر یەک ریز کردووەو پەیتا پەیتا خەڵکی بەتامەزرۆوە دۆشاوی دەکەن بەسەرداو دەیخۆن. کامەران بە"بازرگانیو پیشەسازی" وت "لەسلێمانیدا تەنها ئێمە دەڵەمە دروست دەکەینو دەیفرۆشینو خەڵکی شار زۆر حەزیان لەدەڵەمەیە".

وتیشی "ئەم پیشەیەمان لەباوکمانەوە بۆ ماوەتەوە کە لەساڵانی حەفتاکان یەکەم کەس بووە لەسلێمانی دەڵەمەی دروست کردووەو فرۆشتویەتی، براکەشم (حاجی سۆران محەمەد) ماوەی ٢٥ ساڵە دەڵەمە دەفرۆشێت، لە ئێستادا منو برا بچوکەکەشم سەرقاڵی ئەم ئیشەینو ئێواران لەشەقامی مەولەوی نزیکەی ٥ سینی دەڵەمە دەفرۆشم".

دەڵەمە خواردنێکی بەتامی کوردەوارییەو لەساڵانی زوودا بەشیری مەڕو شیری دار هەنجیر لەبەهاراندا لەگوندەکان دروستیان دەکرا، کامەران سەبارەت بەچۆنیەتی دروستکردنی دەڵەمە وتی "دەڵەمە لەشیری بێ چەوریو بێ شەکر دروست دەکرێت، کە شیرەکە نەزۆر شل بێتو نەزۆر توند بێتو لەبەر کەم کوڵاندنی ترش نەبووبێو کەمێک مەیی بێ، شیرەکە کە گەرم دەبێت پێش ئەوەی هەڵچێت دایدەگریت، هاوکات جەلاتین لەناو ئاوێکدا نەگەرم بێتو نەسارد دەیگریتەوەو دەخەیتە ناو شیرەکەو خاوی دەکەیتەوە بەهێواشیو پاشان دەکرێتە قاڵبەوە، وازی لێدەهێنیت تا سارد دەبێتەوەو دۆشاوی ترێ یان خورمای دەکرێت بەسەردا دەخورێت".

ڕیکلام

سلێمانی داهاتووی ژینگەی عێراقە
پڕۆژەی نیشتەجێبوونی گراند بوڵیڤارد، لە جوانترین و پاکترین شاری عێراقدایە، پڕۆژەیەکە لە دڵی سلێمانیدایە.
گراند بوڵیڤارد بە باشترین شوێن، زۆرترین سەوزایی، بەرزترین کواڵیتی سەردەمیانە بە ناوبانگ دەبێت. فرسەتێك یەکجار ڕوودەدات.
لە گراند بوڵیڤارد نزیکتری لە هەموو شوێنێك.

السليمانية، مستقبل البيئة العراق
يقع مشروع گراند بوڵیڤارد في أجمل و أنظف مدينة في العراق، و يكون في قلب السليمانية. ستشتهر گراند بوڵیڤارد بأفضل موقع، اكثر المساحات الخضراء، أعلى مستويات الجودة في التفاصيل. فرصة العمر و لمرة واحدة.
گراند بوڵیڤارد انت أقرب من أي مكان آخر.

+964 770 727 7070
www.grandblvd.org
@GrandblvdNergis
ناونیشان
چوار ڕیانی سەرچنار
تەنیشت دادگای سلێمانی

گراند بوڵیڤارد
پارکی نێرگز
پەلە بکە و جوانترین بەدەست بێنە
بە قیستی 5 ساڵ
%75 Green Area
٪٧٥ باخ و سەوزایی
Climate Control
سیستەمی ساردی و گەرمی
Thermal Insulation Technology
عەزلی گەرما و سەرما
Sound Insulation
عەزلی دەنگ
Fresh Air Recovery
سیستەمی پاکژکردنەوەی هەوا
Water Filtration
فیلتەرکردنی ئاو
Central LPG System
سیستەمی غازی مەرکەزی

ڕیکلام

QAIWAN HEIGHTS
باڵەخانەکانی زۆنی C
وەک کۆتا زۆنی بەرزاییەکانی قەیوان دروستدەکرێت
شوقەکان بەڕووبەری جیاواز بەردەست دەبن. پەلەبکە و ئەم دەرفەتە لەدەست مەدە...
ڕووبەرو شوێن بەخواستی خۆت دەبێت، سەردانی بەشی فرۆشتن بکە.
ڕووبەری شوقەکان 110M² 125M² 150M²
دەتوانیت ناو تۆماربکەیت
باڵەخانەکان (سیستەمی غاز و سەتەلایتی مەرکەزی، سیستەمی ئاگرکوژاندنەوە، سیستەمی گەرماو سەرما، سیستەمی پارێزگاری بومەلەرزەی تێدایە، کارەباو ئاوی بەردەوام، هەر باڵەخانەیەک دوو ئەسانسۆری بۆ دابینکراوە، بەبەرزترین کواڵێتی سەردەمیانە دروست دەکرێن (سەقفیان کنافە، پەنجەرەی ئەلەمنیۆمی دەبڵ جام، ئەرزی لامینات)
بەرزاییەکانی قەیوان لە 3 زۆنی جیاواز پێکدێت کە لە هەر زۆنێکدا باڵەخانەکان جیاوازن و لە ئێستادا لە زۆنی (C) و لە زۆنی ئاڵتوونی بەرزاییەکانی قەیوان شوقە بۆ فرۆشتن بەردەستە.
Qaiwan Group



ئۆفیسی فرۆشتن 07701272929
ناونیشان: سلێمانی - بناری شاخی گۆیژە